# جیهانە جوانەکەمان

ئۆپەرێت و شانۆگەریی جیهانی منالآن



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

شانۆی منداڵ

# جیهانە جوانەکەمان

ئۆپەرێت و شانۆگەریی جیهانی منداڵان

**عوسمان محەمەد هەورامی**



وێنەکێشان: نیان عوسمان هەورامی

ناوی کتێب: شانۆی منداڵ- جیهانە جوانەکەمان: ئۆپەرێت و شانۆگەریی جیهانی منداڵان
دانانی: عوسمان محەمەد هەورامی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ۲۹۲
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب + دلاوەر حاجی
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ۲۰۰٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (۲۱۳)ی ساڵی ۲۰۰٤ی دراوەتێ

# چرپەیەک

جگەر گۆشە نازداران، خونچە گەشەی بەهاران

تەختی ناوچاوانی بەختی شادیتان ماچ دەکەم.

هیــوادارم ئەم دیارییــە بچکۆلانەیە پەســەند بکەن... هەروەک دەبینن لە جــیــهــانە ڕەنگین و بەرینەکــەی خــۆتانەوە هەڵقــوڵاوە، واتە هی خــۆتانە و بۆ خۆتانە، منیش میوانی ئێوەی زۆر مەزن و پیرۆزم.

من، کە مـامۆسـتـام و بەشانازییـەوە هاوڕازی گیـانە پاکژەکەی ئێـوەم، لەم سـالآنی سـەخت و دژوارییـەی ئابلـوقـەی ئابووریدا و لەبەر نەبوونی، زۆربەی کـات کـونجـێکی مـاڵەوە جـێـمـە، خـۆشـەویسـتی ئێـوەی نازداریش بژێوی و هاوڕێمـە... جا بە باشم زانی زۆرترین کـاتم بۆ جیـهـانە جوانەکـەتان تەرخـان بکەم، چریکەی زۆراڵـتـان بەرزتربێ و هەر هەمــوومــان بەڕووی باری نالەبار و دژواری و هەموو هۆکارەکانیدا هەڵشاخێین.

ئومـێـدەوارم تاڕادەیەک قـۆناخـەکـانی تەمـەن و داواکـاری و ئاواتە جـوان و ڕەواکانتانم بەسەرکردبنەوە.

هەمیشە شاد و سەرفرازبن...

هاوڕازی گیانیتان

عوسمان هەورامی

سلێمانی: ١٩٩٨/٩/٢٠



## دڵسۆزترین کەس

دڵسۆزترین کەس هەر مامۆستایە
لەخۆبوردنی زۆر بێ هاوتایە
«ڕێزی لێ بگرە بەگیان و بەسەر
هێندەی نەماوە بێتە پەیامبەر» (*)

---

(*) ئەحمەد شەوقی و توویەتی:
قُم لْلمُعَلّمِ، وَفّه التَّبجيلا
كادَ المْعَلّمُ أنْ يَكونَ رَسولا





## جگەرگۆشە مەزنەکان

کۆرپەلە وردیلەکان
بەرخۆلە نەشمیلەکان
کە پیت و وشەی دروست
بۆ ئێوە دائەڕێژم
هەست دەکەم کە پشتاوپشت
هەموو پەستی ئەنێژم
کە ئاوازێکی نوێ
لەناخمەوە دەرئەچێ
لەگەڵ دڵتانا ئەدوێ

سۆزی گیانم هەڵئەچێ
کاتێ کە زەردەخەنە
لەسەر لێوی نەخشیننتان
چەسپە ، گەردوون هی منە
بەشێکم لە خۆشیتان
پێم خۆشە کە سەراپا
گیانم چراخانتان بێ
دەرد و بەڵاتان لابا
ڕادەری داخانتان بێ
ئاواتمە خونچە ئاسا
چەپکێ بن لە باوەشما
بە دڵ هەست دەکەم ئەوسا
کەیلم لە بەختی گەشما
کاتێ بەپیرۆزییەوە
پێم ئەڵێن هاوڕێی مناڵ
بەوپەڕی شانازییەوە
گیان ئەدا لە شەقەی باڵ
ئەخوازم وا بەپاکی
هەر پیرۆز و مەزن بن
هیوا و شەوق و ڕووناکیی
پاشەڕۆژی ڕۆشن بن

١٩٩٦/١/١





## خۆری پەروەردە

* کێ ســـــەرچاوەی پەروەردەیە
خـۆری ئەم دەشت و هەردەیە ؟
- : مامۆستا

* کـێـیـە لوتکەی گـۆڕانکاری
کێ توانـایە بە زانیـــــاری ؟
- : مامۆستا

* کـێ ڕادەری شـــــــەوەزەنـگە
کێ بێ وەستان وەکو هەنگە ؟
- : مامۆستا

* کێ رابەری ژیانمانە
کێ دەرمانی دەردمانانە؟
– : مامۆستا

* بەسۆزتر لە بابە و دایە
سۆزی شەپۆلی دەریایە!
– : مامۆستایە...

* کێیە پەیامی پشتاوپشت
چاک ئەسپێرێتە ناخی گشت؟
– : دیارە هەر مامۆستایە
مامۆستایە بێ هاوتایە
مامۆستایە
مامۆستایە
مامۆستا...

١٩٨٥/١٠/١٨





## جیهانە جوانەکەمان

١
دنیاکەمان داستانە
گوڵ و باخ و بێستانە
زوو وەرە بۆ سەیرانی
پڕ لە تابلۆی جوانە

٢
دنیای گەشمان ببینە
هەر خەندە و پێکەنینە
ئەوی بەدڵ شەیدای بێ
بەختەوەر و گەشبینە

٣

ئای لە دنیای مناڵان
ئای لە گوڵاڵە ئاڵان
ئای لە هیوای دێرینی
هەزاران هەزار ساڵان

٤

شەیدایانی بەهرەکان
فەرموون بۆ جوانترین جیهان
بۆ گوڵزاری دڵگیر و
پەژارە و خەم بەبادان

١٩٩٧/١/١





## خەندەی پێشوازی

١

باخچەمان بەربڵاوە
خۆشی و شادی و گوڵاوە
لانەی مەلی نەخشینە
گوڵزاری زۆر بەرینە

٢

ئەم گوڵزارە بەهەشتە
سەیرانگەی خەندە و گەشە
هەرچی پەپوولەی جوانە
لە باوەشیا میوانە

٣

چی فریشتەی یەزدانە
بەختەوەر و شادانە
خەندە و شادی بەخشینە
نۆشینی شیلەی ژینە

٤


گولاڵەی ڕاپەڕینین
هەوێنی پاکی ژینین
بۆ ئاسۆی بەختەوەری
سروودی نەمری ئەچڕین

کۆرس:

دایک و باوکان، میوانان
بەدڵ و بەگیان و چاوان
بەخێرهاتنتان ئەکەین
بۆ باخچەی پڕ هیوامان

١٩٩٢/١/١٢





## خەمڕەوێن

١

بەبە نەرم و نیانە
بەبە شادیی دڵانە
خەندەی، گوڵی قەدپاڵە
قاقای: تینی ناوماڵە

٢

گریانەکەی ئاوازە
جوانترین نۆتەی نازە
بەبەمان خەمڕەوێنە
هەمیشە جوانی نوێنە

دایە:


دەدەی بەبە گیان وەرە
تەمی دڵمان لابەرە
دارە دارە، پاپایە
بەبە خونچەی هیوایە
بەبە سروەی بێگەردە
بەبە شنەی سەر هەردە
لە گێژاوی پەستیدا
بەبە دەرمانی دەردە
بەبە پشووی دوای ڕەنجە
زێڕ و زیو و هەم گەنجە

کۆرس:

بەبە شادیی خێزانە
لەناو دڵا گوڵدانە
لە جوانترین جوانی
بەبە زۆرتر جوانە

١٩٨٢/٩/٧





## باڵندە نەخشینەکان

کۆرس:

ئازیزەکان، هەڤاڵان
چاو گەشان، کۆرپە ئاڵان
دنیای جوانی باڵندە
زۆر ڕەنگین و دڵبەندە
دەی بابچینە سەیرانی
خلخل بینە میوانی
سەر لە هەندێ مەل بدەین
سەیرانێکی خۆش بکەین

١- کەڵەشێر

ئەها، ئەم کەڵەبابە
چەن دڵگیر و نایابە
هەزار پۆپنە و جوانە
بانگدێری بەربەیانە

زۆر دەنگخۆش و نەخشینە
هاوڕازێکی شیرینە!

### ٢- چۆلەکە

جریوەی چۆلەکەی بەیان
مژدەی ڕۆژی تازەیە
هەموو جوانییەکی یەزدان
تێکەڵ بەم ئاوازەیە
ئێسک سووک و چالاکە
هەر وەک خۆمان دڵپاکە!

### ٣- مریشک

مریشکەکەم بەرهەمدارە
زۆر بەنرخ و نازدارە
هەموو کات و سەردەمێ
دانی چاکی ئەدەمێ
زۆر خەپان و بەکەڵکە
هێلکەم بۆ ئەکا... هێلکە!

### ٤- بولبول

بولبول بەسۆزی گەرمی
زۆر بەجوانی و بەنەرمی
هەستی ناسک ئەدوێنێ
هیوای تازە ئەچێنێ
ئاوازی پۆپەی چڵان
خۆشییە بۆ هەموو دڵان!



### ٥- مراوی

مراوییە جوانێ، مراوی
تۆ خنجیلەی ناو ئاوی
بەناز و لار و لەنجەی
وەکو خەپۆلەی باخچەی
کە جوان سەرنجت ئەدەین
پڕ بەدڵ ئەڵێین ئۆخەی!

### ٦- کەناری

چریکە و سۆزی کەناری
ئاوازی گیانە و دیاری
کە بەکوڵ ئەچریکێنێ
تەلی سۆز ئەهەژێنێ
گوێ بگرن لە چەهچەهەی
لە نەوای پڕ لە بەهرەی!

### ٧- قاز

ئەم ڕەوتە پڕ لە نازە
جوانە، هی پۆلە قازە
لەسەر زەوی و لە ئاوا
بەڕێز و بەناز ئەڕوا
خۆشی بەگیان ئەبەخشێ
هەناوی پێ ئەخرۆشێ!

### ٨- کۆتر

کۆتر فریشتەی ئاشتییە
ئارامە، زیانی نییە

لەبەر دڵان و بێ وەیە
هاوڕێی گیانی ئێمەیە
کە ئەدا لە شەقەی باڵ
ژین ئەکا بەخونچەی ئاڵ!

٩- تووتی

جارێکیان دایکم وتی
ڕۆڵە تۆ بووی بەتووتی
چی ئەڵێن ئەیڵێیتەوە
ژیری، شەوق ئەدەیتەوە
تووتی جوان و هۆگرە
تووتیی ڕەنگین ڕاگرە

١٠- کەو

کەو دەنگخۆشی شاخانە
ئاوازبێژی باخانە
زۆر زیتەڵە و وریایە
لانەی لوتکەی چیایە
بە قافیە و ڕاچەنینی
ئەکەوینە گەشبینی

١١- مەلی خۆشەویستی

هەر لەسەرخۆ و بێ پەلە
جوان بڕوانە، ئەم مەلە
هێمای خۆشەویستییە
لابەری گشت پەژارە و
دەرد و خەم و پەستییە



بە میوانی بە، لادە
مەراقی دڵ بەبادە!

١٢- تاوس

تاوسی ناسک و نازدار
چەتری نازی هەڵداوە
پەلکە زێرینەی بەهار
بەم نەخشە نەخشێنراوە
جوانی هەر هی تاوسە
کە وترا تاوس بەسە!

کۆرس:

ئەم جیهانە نەخشینە
گەشت و بەهەشتی ژینە
ئێمەش گەش و دڵسۆزین
وەک چاومان ئەیپارێزین
وێنەی باخچەی هیوامان
خۆشەویستە لە لامان

١٩٩٧/١٢/٢١



# گەشتی پەریستان

١

لە دنیـــای پەریســـتـــانا
هەر نەورۆز و خــــەندەیە
لەگەرمیـان و کـوێـسـتـانا
ئـاهـەنـگی پـەروەردەیـە

٢

بەخـــۆشی و بێ ئازاردان
پەپوولەکـان لە گـەشـتـان
هەمـوو گەشبین و خەندان
شادو دەست لەناو دەستان



٣

بەڕابەری فــریشـــتــە
ئەفـــڕن بۆ کــامــەرانی
ئەمەش خۆشـترین گەشە
بۆ لـوتکەی شـــادمـــانی

٤

گەشتی پەری و کۆرپەکان
نەخـشـینتـرین سـەیرانە
وەک چریکەی بولبـــولان
بەخــــتــــەوەریی دڵانە

١٩٩٧/١/٢٣

# چاوگەشەکان



(*) کێ پەپوولەی نەخشینە
کێ پیشەی گوڵ بەخشینە؟
- : هەر ئێمە...

(*) کێ گوڵاڵەی نەمرە
کێ هەنگوین و شەکرە؟
- : هەر ئێمە

(*) کێ ئەستێرەی سەرکەشە
کێ گەلاوێژی گەشە؟
- : هەر ئێمە



(*) کێ زەردەخەنەی ژینە
کێ گوڵزاری بەرینە؟
- : هەر ئێمە

(*) کێ سەروەی بەربەیانە
شنەی دوندی کوردانە؟
- : هەر ئێمە

هەموو:

هەر ئێمەی تێ کۆشەرین
جگەرگۆشەی سەروەرین
ڕەنجمان گەش و باڵایە
خەرمانمان دوایی نایە

١٩٩٨/١٢/١٠



## ماڵە باجێنە

کۆرس:

یاریی ماڵە باجێنە
زۆر خۆش و خەمڕەوێنە
بۆ ناو کۆڕی خاوێنە
وەرە دەستەکەت بێنە

١

ئەها: من بابە گیانم
خەمخۆری هەمووتانم
دەروونم فراوانە
زۆر دڵسۆزی خێزانم



٢

وەرنەوە، منیش دایکم
گەلێ گورج و چالاکم
هەموو ژینم تەرخانە
بۆ جگەرگۆشەی چاکم

٣

منیش خوشکە گەورەکەم
حەز لە ئیش و کار ئەکەم
بۆ یارمەتی، بە پڕتاو
ئەڵێم بەسەر هەر دوو چاو

٤

منیش لاوچاکم، کوڕم
زیڕ و گەوهەر و دوڕم
وێنەی بابە نازدارم
خەریکی ئیش و کارم

٥

خۆشەویست و گونجاوین
نازدارین، خوا پێداوین
هەموو یەک دڵ و گیانین
دڵسۆزی نیشتمانین

هەموو:

خێزانێکی بەختیارین
زۆر کارامە و هۆشیارین
لە خوای گەورە ئەخوازین
سەرانسەر ئەم جیهانە
وەکو ئێمە شاد بژین

١٩٩٥/١١/٢٧





## مریشک

کۆرس:

ئەم مریشکە خەپانە
زۆر نەخشین و جوانە
هەمیشە لەگەڵمانایە
بەکەڵکە، گرانبەهایە

١- هێلکە

هێلکە خۆش و بەچێژە
سوودی زۆرە، بیچێژە
دیاریی مریشکە خەپانە
نازداری هەموومانە

٢- خۆراک

بۆ میوان
بۆ خۆمان
هێلکە زۆر پاک و چاکە
بۆمان بێنە، خێراکە!

٣- جووجەڵە

جووجەی نەرم و خەپۆلە
وەک ئاوریشمە، نەشمیلە
نەوەی مریشکە دلێرە
لەدوای دووسێ مانگی تر
مریشکە، یان کەڵەشێرە

٤- پەڕ

سەرینەکەم
بۆ خەوە زۆر شیرینەکەم
نەرمو خۆشو ئارام بەخشە
خەمی سەرینە پەڕینەکەم

٥- جیقنە

بۆ کشتوکاڵ
بۆ بەرهەمی‌زۆر چاکو ئاڵ
باشترین شت هەر جیقنەیە
پەینی چاک و بێ وێنەیە

٦- گۆشتی مریشک

خوا نەکا هیچ مریشکێ
لە ئەنجاما لەناوچێ




ئەگەر هەر هێلکە نەکا
چەقۆ کاری خۆی ئەکا

کۆرس:

سەیرکەن، ئەم پەلەوەرە
سەراپا خێر و بێرە
خاوەنی بەختەوەرە
هەمیشە شاد و تێرە

٩-٢-١٩٩٥

# پەپوولە



*

پەپوولەی نەرم و نیان
خەندەی زۆر گەش و جوان
ئەبەخشێ بە هەموومان
دڵانیش زۆر شادمان

١

خەندەی خونچە و گوڵاڵە
بێ پەپوولە داماوە
ئەو جوانییە گەش و ئاڵە
زۆر پەشێو و ژاکاوە



پەپوولە خەندەی ژیان
ئەبەخشێ بەگشت جیهان

*

پەپوولە و گوڵ دووانەن
بووکی ئەم کوردستانەن
گەشەی ئەم‌هەموو دەشت و
چەم و دۆڵ و کێوانەن

٢

پەپوولە و گوڵ پێکەوە
سەوداسەر و هۆگرن
لە چەم و سەرلوتکەوە
هێمای نەمری هەڵگرن
هەردوو شاد و درەخشان
دەس لەملان و شان بەشان

*

کە پەپوولە سەما ئەکا
خۆشی بەناخی دڵ ئەگا
هەموو دەورووبەر
شادە و بەختەوەر

٣

سەمای پەپوولە جوانە
سۆما و گەشەی چاوانە

هەرکەسێ ئالوودەی بێ
ئاسووده و شادمانه
وەکو خۆری گەش و ڕوون
شادی ئەخاته دەروون
کرۆکی دڵ گەشاوەیه
خەم و خەفەت سەرنگوون

*

بۆ پاکژی
دوور لەمۆنیو توندو گرژی
پەپوولەی جوان تا هەتایه
خۆی سەرەتایه و کۆتایه

٤

پەپووله فریشتەیه
زادەی ئەم بەهەشتەیه
زۆر جوانکیله و خاوێنه
هەمیشه شادی نوێنه
بێ باکه، چونکه پاکه
بۆ هەموومان، وا چاکه
وەکئەوبین چاوی لێکەین
هەموو هاوڕێیان فێرکەین



*

پەپوولەش وەک زاروڵە
هەر خەریکی کۆششە
زۆر دڵسۆز و بەکوڵ
وێنەی لە دڵا نەخشە

٥

پەپووله هاوڕێمانه
هەر بەوێنەی خۆمانه
هەمیشە تێ ئەکۆشێ
بەختەوەری ئەنۆشێ
بەسووده، بێ زیانه
زۆر زیرەک و لێزانه

*

پەیام هی پەپوولەیە
فریشتەیە، بێوەیە
هەمیشە بێ پشوودان
گەلێ سەرقاڵە و شادان

٦

پەپووله میهرەبانه
نامەبەری گوڵانە
لەگەڵ پەری گوڵانا

هەمیشە ئاوێزانە
سرپەی شادیی شەیدایە
پەیامی پاکی لایە

*

پەپوولە و مناڵ پێکەوەن
هەردووکیان هەوڵ ئەدەن
خەندە بخەنە سەر لێوان
ژیان شادی بێ و سەیران

کۆرس:

پەپوولە و ئێمەی مناڵ
هاومەبەست و هاوڕازین
ئیسک سووک و گۆنا ئاڵ
ئاشتی و شادی ئەخوازین
پەیامان ورشەدارە
وەک هەمیشە بەهارە

٢٠-١١-٢٠٠٠





## هەنگ

ئاخێوەر:

هەروا لەسەرخۆ و بێدەنگ
گوێ بگرە لە نەوای هەنگ
چێژی خۆشمان ئەداتێ
گەشەی ژینمان ئەگاتێ

١

دەنگی زەنگی ئاهەنگە
نەوایە، ڤیزەی هەنگە
لەناو کلوورەی ئاراما
شیلەی جوان و بەتاما
وەکو ماڵی تەبایی
ئەژی بەدڵنیایی

*

هەنگ گەلێ هونەرمەندە
کۆڵنەدەر و نەبەردە
جێی باشی بۆ هەڵکەوێ
لانەی سازئەدا لەوێ

٢

لە شاخ و لە کونەبەردا
لە پێدەشت و لە هەردا
لە قەدی کلۆرەدارا
لە باخان و گوڵزارا
خانەی چاک ئەڕازێنێ
لانەی چاک ئەسازێنێ

*

لەگەڵ یەکەم گزنگا
ئاسۆگەی ڕەنگاوڕەنگا
بازووی کاری هەڵئەکا
ڕەنجی بەردەوام ئەدا

٣

هەنگ زیرەک و پێشڕەوە
بێ ئارام وبێ خەوە
هەمیشە لە کارایە



چالاکە، بەتوانایە
تاکو ڕۆژ ئاوا ئەبێ
سەرقاڵە و ماندوو و نابێ

*

لەگەڵ گوڵانا هۆگرە
وریا و بەهرە وەرگرە
خۆی لە خۆیا بەهرەیە
بەهرەی یەزدانیی هەیە

٤

سەرجەم گوڵ و گوڵاڵە
گوڵەکێوی و هەڵاڵە
هەموو پشووگەی هەنگن
نەشمیلانە و چەلەنگن
هەنگ گەلێ کارامەیە
وێنەی بالاّی ئێمەیە

*

کۆڕی گەرمی نازداران
هەر شادییە و گوڵباران
هەنگوینی خۆش نۆشینە
پەڕەی گوڵان پۆشینە

٥

هەنگ ئالوودەی گوڵانە
هەر گوڵێ خەندەرانە
لەگەڵیا دەست لەملانە
کۆڕیان گەش و نەخشینە
بەرهەمەکەی هەنگوینە
ئای، چەن خۆشە کۆڕی وا
ژین بەرەو شادی ئەڕوا

*

گوڵاڵەی هەمەچەشن
هەموو ڕازاوە و گەشن
بەرهەمیان هەزار ڕەنگە
شیلەکەیان بۆ هەنگە

٦

هەنگوین گەلێ بەکەڵکە
دانسقە و یەکاویەکە
پوختەی شیلەی گوڵانە
نۆش و وزە و دەرمانە
هەرچی هەنگوینی پوختی
گەرمەسێر و کوێستانە
دیاریی هەنگە خەپانە



*

هەنگ پەروەردەی سەرکەشە
نموونە گەشەی ئێمەشە
ماندووبوونی بۆ نییە
خۆشەویستی گیانییە

٧

هەنگ خەڵاتی خودایە
کەڵکی لە ئەژمار نایە
گورج و ماندوونەناسە
لە توانادا سەرباسە
ڕێزی بەرز و باڵایە
خۆشی لەو کەسەی وایە

*

بەباڵی ورشەداری
بەکاری بەرهەمداری
هەمیشە هانمان ئەدا
ڕێبازمان پێشان ئەدا
ئەوەندەی تر هاوکاربین
زۆر بەتوانا و هوشیار بین

کۆرس:

ئێمەش هەردەم سەرقاڵین
جگەرگۆشەی کاڵکاڵین
زۆر کارامە و پێشەنگین
یەک بەیەکمان هەر هەنگین
شادین، کۆششمان دیارە
بەرهەممان پرشنگدارە
بوونەوەری بێ بەرهەم
دوورە لە ڕەوتی سەردەم

١٨-١٢-٢٠٠٠



# ئاشتی



*

حەز ئەکەم هەموو ماڵێ
ئاژاوە و شەڕ ڕاماڵێ
بە خەندە و بە پێکەنین
هەموو بەشادی بژین

١

پێم خۆشە ماڵەکەمان
هەمیشە هەر ئاشتی بێ
دەنگە زوراڵەکەمان
دوور لە پەستیو ماتی بێ
ژیانمان هەر خۆشی بێ
کەیف و شادی نۆشی بێ

*

دراوسێ زۆر بەڕێزە
لە شەڕ دوورەپەرێزە
هەروەکو هەردوو چاوم
خۆشم ئەوێ تا ماوم

٢

لەگەڵ دەرودراوسێ
بەبێ خورپە و هیچ ترسێ
وەک فریشتەی ئاسمان
بەئاشتی و کامەرانی
ئەژین بەبێ ئاژاوە
ژینمان شادی و گوڵاوە

*

لەگەڵ هەموو هاوڕێیان
وەکو فریشتە و مەلان
خۆشە، وا باڵ ئەگرین
بۆ ئاشتی تا کەشکەلان!

٣

لە باخچەی بەرینمانا
لە لالەی شیرینمانا
وەک بولبول و کەناری



بەگۆرانی و بەیاری
بەئاشتی ڕائەبوێرین
فریشتەی خێر و بێرین

*

پەپوولە هاوڕێی ناخە
لابەری ئۆف و داخە
گوڵ و گوڵزاران گێڵە
تەنیا بۆ ئاشتی وێڵە

٤

هەر کە پەپوولەتان دی
سەرنجی بەن بەوردی
ئەویش وەکو خۆمانە
خۆشەویست و خەپانە
بێوەیە، ئاشتیخوازە
نازدارە، بێ ئەندازە

*

لەگەڵ گوڵان هاودەمین
ئاشتیخوازی سەردەمین
بەرنامەمان ئاشتییە
بێ ئاشتی شادی نییە

٥

گوڵ پەیامی ئاشتییە
هێمای خۆشەویستییە
بۆ ئاشتی خۆی شاباشە
ئاشتی پیرۆزە، باشە
ئێمەش گوڵاڵەی ئاشتین
خونچە گوڵی بەهەشتین

*

دەک خوا ئەو کەسە بگرێ
کلێپەی شەڕمان تێ ئەگرێ
ئەیەوێ کوردستانمان
بکا بەشین و گریان

٦

ئەم کوردستانە جوانە
بووکی ئاشتیی یەزدانە
ئەوەی بەرۆکمان ئەگرێ
بەر کینە و نەفرەت ئەدرێ
هەموو دژی ئەوەستین
بۆ ئاشتیمان بەربەستین



*

بۆ کۆترە سپییەی ئاشتی
بێ ماندوویی و دەربەستی
هۆنراوەی زۆر نووسراوە
نەوای مەزن وتراوە

٧

کۆترە سپییە نەخشینە
نیشانەی ئاشتیی ژینە
کە ئەدا لە شەقەی باڵ
مێردەزمەی شەڕ و شۆڕ
ئەکەوێتە ناڵەناڵ
کۆتری ئاشتی خۆی نوان
خێر و ئاشتییە بۆ هەموان

*

سەراپا هەموو دنیا
هەر لە سایەی ئاشتییا
شاد ژیان بەسەر ئەبا
زۆر ئاسوودە و دڵنیا

کۆرس:

هەرچی کۆرپە و ساوایە
هەرچی گوڵ و گەڵایە
لە سایەی ئاشتیدایە

بوونیان لەگەشیدایە
با هەموومان بەگشتی
بڵێین هەر بژی ئاشتی
ئاشتی هیوای هەموانە
گەشەی زەوی و ئاسمانە

٢٠٠٠-١٢-٤





## ئاهەنگی ڕەنگەکان

١

ئاهەنگە، ئاهەنگە
ڕازانەوەی سروشتە
ئاهەنگی هەمە ڕەنگە
وەرە، زووکە، مەوەستە

٢

ڕەنگەکان تێکەڵاون
جوانی و شادی و گوڵاون
دەست لە ملانو ئاسوودەن
مژدەی بەختیاری دەدەن

٣

سپی دەروونی پاکە
ورشەی ڕەنجی ڕووناکە
ڕەشیش شەوی ئارامە
باوەشی خەو بەتامە

٤

سوور خوێنی گەشمەردانە(*)
تیشکی لوتکە و هەردانە
بۆ هەورازتر بڕوانین
شینیش خەندەی ئاسمانە

٥

زەرد خۆر و ڕۆژهەڵاتە
سەوز بژیوی وڵاتە
خێر و بێر دائەبارێ
کوردستان پڕ بەراتە

کۆرس:

قاوەیی و پرتەقاڵی
وەنەوشەیی و ئاڵ و مۆر
هەموو ڕەنگی خۆماڵی

(*) گەشمەردە: شەهید.



نەخش و بەخشی خودایین
خۆشی و ئاهەنگ و شایین
وەکو پەلکەزێڕینە
کۆڕیان گەش و ڕەنگینە

٢٦-١٢-١٩٩٤



# جیهانی نەوا

کۆرس:

کۆڕی گەرمی نەوایە
ناخمان پێی ئاشنایە
وەرن بۆ ئەم گوڵزارە
دوور لە خەم و پەژارە
بەشادی و بەپێکەنین
وەکو فریشتە بفڕین
بۆ ناو بەهەشتی بەرین

١- چەپڵە

چەپڵە، چەپڵە
بۆ پاداشتی وەکو گوڵە



چەپڵە ئاوازێکی جوانە
بەخ بەخ لەم چەپڵەڕێزانە!

٢- فیکە

ئای، ئای فیکە
وەک چریکە
دڵ و هەناو ئەجۆشێنێ
هەستی بەسۆز ئەخرۆشێنێ

٣- شمشاڵ

ئاوازی عەرشی باڵا
وا لە گەرووی شمشاڵا
ساز و سۆزی یەزدانە
بۆ ئارامی گیانە

٤- نەی

ناڵەی نەی
بۆ سۆز و هەستی بێ پەی
ساز و سروە و شەماڵە
پەیامی یاڵە و یاڵە

٥- باڵەبان

باڵەبان، باڵەبان
ترکەی نەژاد و بابان
هەر کە دەنگ ئەداتەوە
ناخی گیان ئەشواتەوە

٦- دووزەلە

گوێ بگرن لە دووزەلە
خۆش ئاوازە و ژیکەلە
سۆزی ناخی ئەم زەلە
چریکە و سازی سەرکەلە

٧- زوڕنا

سەحەریی گەرووی زوڕنا
ژین تازە ئەکاتەوە
کە خاڵۆ فووی پیا ئەکا
خەم لە بیر ئەباتەوە

٨- دەهۆڵ

دەهۆڵ، دەهۆڵ
زۆر گورج و گۆڵ
هەر وەک دڵمان لێ ئەدا
هێز و تینمان پێ ئەدا

٩- تەپڵ

ئا ئەم تەپڵە
تەپەی وەک تەپەی دڵە
بەزمەکەی هەڵپەڕینە
چالاکی و ڕاپەڕینە



١٠- ساز و سەنتوور

ساز و سۆزی سەنتوورە
چریکەی نزیک و دوورە
کە ئاواز ئەپڕژێنێ
هەموو گیان ئەهەژێنێ

١١- دەف

لێدە لە دەفی دەروێشان
نەوای دڵی دەروون ڕێشان
دەنگی ئەڵقەی خانەقایە
ناڵەی ئەشقی بارەگایە

١٢- عوود

دەنگی عوود بانگەوازە
بۆ ڕۆژی گەش و تازە
لە تەک کەمان هاوڕازە
سۆزی بەتین و سازە

١٣- کەمانچە

کەمانچەیجوان، کەمانچە
ئاوازی وەک گوڵ خونچە
بەخەندەی گونای ڕەنگین
ئەکا بەشاباشی ژین

### ١٤- فلووت

کسپەی ناخی ئەم فلووتە
لەگەڵ هی شمشاڵ جووتە
بەگوێی هەستا ئەچرپێنێ
ڕازی بەسۆز ئەدرکێنێ

### ١٥- گیتار

ئاوازی گەشی گیتار
بۆ هەناوی دەردەدار
دەرمان و چارەسەرە
خەم لابەر هەر هونەرە

### ١٦- ئۆکۆردیۆن

ئۆکۆردیۆنە خەپ خەپە
لە باوەشا ، وەک کۆرپە
نەوای گەشی شاباشە
ناسکترین پاداشە

### ١٧- پیانۆ

گیانم هۆگری پیانۆیە
لەگەڵیا تان و پۆیە
هەروەک تاڤگەی خاڵخاڵێ
خەمەکان ڕائەماڵێ



### ١٨- کلارنێت

گوێ بگرن لە کلارنێت
بەنەوای پڕ شانازی
وەک پەری پێمان ئەڵێت:
هەموو بکشێن، سەرانسەر
بۆ کۆڕی جوانی هونەر


### ١٩- چەلۆ

دەنگی دلێری چەلۆ
بۆ هەناوی من و تۆ
وەبەردان و هەژانە
لابەری دەرد و ژانە

کۆرس:

جیهانی جوانی نەوا
ئارامترین ژووانە،
لەوەتی ژینە هەروا
دڵ و گیانی هەمووانە
هونەر خۆراکی گیانە
هونەرمەند کامەرانە

١٥-٢-١٩٩٥



## توتکەکەم

١

توتکە ئەمـــەکـــدارەکـــەم
هاوڕێی گـوند و شـارەکـەم
گـــەلێ دڵم پێت خـــۆشـــە
ئەی هۆگـــرە نازدارەکـــەم

٢

هەردووکمان شەیدای وازیین
لەگـەڵ یەکـتـر دەسـبـازین
هەر کـــە لەپڕ دەرکـــەوین
بەگـــیـــانەوە ئامـــیـــازین




٣

تۆ دۆست و هەڵبــژاردەی
بۆ تـەنگـانە ئـامـــــادەی
دڵســـــــۆز و ئـەمکـداری
زووبــە وەرە بــۆ لام، دەی

٤

توتکەی پاکم، تووتکەڵە
زۆر چالاک و زیتـــــەڵە
جـیـهـانی هەردوو لامـان
خـۆش و گـەش و تێکەڵە

١٩٩٧-١-٢٥



# گواستنه‌وه و گه‌شتوگوزار

١- پێ

به‌پێی خۆم
چاک ئه‌ڕۆم،
کۆڵی خۆم هه‌ڵئه‌گرم
قۆناخی خۆش ئه‌برم

٢- وڵاخ

وڵاخ گه‌لێ خێرایه
خه‌ڵات و به‌خشی خوایه
سواری ئه‌بین، بار ئه‌با
گورج و گۆڵه، وه‌کو با



٣-عاره‌بانه

سه‌فه‌ر به‌عاره‌بانه
زۆر به‌که‌ڵک و ئاسانه
که پێچکه ئه‌خولێته‌وه
ڕێگا ئه‌پێچێته‌وه

٤- که‌شتی

دیاره شه‌یدای سه‌یر و گه‌شتی
ده‌ی وه‌ره، به سواری که‌شتی
به ناو ده‌ریاکانا بڕۆ
به جیهانی جوانا بڕۆ!

٥- شه‌مه‌نده‌فه‌ر

سه‌فه‌ر به شه‌مه‌نده‌فه‌ر
خۆشی و شادییه تاسه‌ر
ئه‌کشێ، ئه‌کشێ بێ بوار
هه‌تا ئه‌گاته هه‌وار

٦- پاسکیل

پاسکیل دۆستی ڕێگایه
زۆر چاپووک و خێرایه
بۆ هه‌ر لایه‌ک بمه‌وێ
پێی ئه‌چم، دڵ ئه‌سره‌وێ

٧- ئۆتۆمبێل

ئۆتۆمبێلیش بەفڕکانێ
وەک برووسکە، بەتەکانێ
زۆر زوو هەمووان ئەگەیەنێ
ئاواتی جوان بەدی دێنێ

٨- فڕۆکە

فڕۆکە بەناو ئاسمانا
بە گوڵزاری پەریانا
تاکو ئەو پەڕی دنیا
پێی ئەچین زۆر دڵنیا

٩- بۆشایی ئاسمان


بۆ بۆشایی ئاسمان
بۆ گەردوونی فراوان
مرۆڤ وا لە گەشتایە
زانیاری دوایی نایە!

کۆرس:

بژی توانای زانستی
پێشکەوتن و پێویستی
ئەبەخشێ بەهەمووتان
هەموو گەش و شادمان

٢٨-١-١٩٩٥





## چاوشارکێ

١

بۆ چاو شارکێ
منداڵی گورج و
چالاک بابێ
بە گەمەی جوان
دڵمان خۆش بێ

٢

شارگڕ... شارگڕ
زۆر کوتوپڕ
ئازای ئەوێ
گورج و بەگوڕ

٣

کێ بێ باز بێ
چاک دەرباز بێ
کۆڵنەدەر و
سەرفراز بێ!

٤

بەبێ ئازار
وەک لالەزار
شاد و ڕووسوور
بگاتە شار!

٥

گەمەی نیانی
دوور لە هەڵە
چراخانی
ناو کۆمەڵە

کۆرس:

با ئاواتمان
یاریی جوان بێ
هەموو کاتمان
شایلۆغان بێ
هەموو ژینمان
هەر شادان بێ



گشت هاوڕێکان
چاک بگونجێن
گشت دڵپاکان
قەت نەڕەنجێن
هەر نەڕەنجێن

١٩٩٥-١١-١٩





# پاسکیل

١

پاسکیلەکەم
یاریبیە جوانە خنجیلەکەم
هاوڕازمە، هاوکارمە
وەک هاودەمی نازدارمە

٢

پاسکیلەکەم وردیلەیە
هەروەکو خۆم ژیکەلەیە
زۆر جوانە، لەبەر دڵانە
لەسەر زاری منداڵانە



٣

پاسکیلەکەم زەنگی هەیە
گوڵی ڕەنگاوڕەنگی هەیە
هەروەکو بووک: جوان، ڕازاوە
خونچەگوڵی لە خۆی داوە

٤

پاسکیلە لەم سێ پێچکەیە
تیِن و گوڕی بۆ لوتکەیە
پاسکیل بێن بۆ گۆڕەپان
وەرن بۆ گەمەی جوان جوان

٥

پاسکیلەکەم دوو تایەیە
زینی نەرم و جوانی هەیە
بەفڕکانە، زۆر خێرایە
زۆر نایاب و بەتوانایە

٦

لەماڵەوە یاری ئەکەم
بە پاسکیلە جوانکیلەکەم
نایبەمە سەر جادە و کۆڵان
بە دوور ئەبم لە دەرد و ژان

٧

پاسکیلەکەم وەکو چاوم
ئەپارێزم تاکو ماوم
جوانترین گەمە و دەرفەت و کات
پێشکەش بە گیان و دڵ ئەکات

٨

خوشک و براو بەبە نیان
هاوڕێی دڵ و دیدە و باوان
لەم پاسکیلەم بێبەش ناکەم،
دەی وەرنەوە
بەبە و هاوڕێی و خوشک و براکەم

کۆرس:

ئێمە پاسکیل ناشکێنن
قەت هەڵی ناوەشێنین
تاکو بڵێی خۆشمان ئەوێ
دەردی لە بەدکار کەوێ

١-٥-١٩٩٥





## خواردنی کۆڵان

کۆرس:

ئای چڵێسی
چەند خوویەکی
چەوت و پیسی،
مایەی دەردی
هۆی ئازار و
ڕەنگی زەردی!

١

ئای، نەخۆشم
وەک بڵقی ئاو
لەسەر بۆشم
بێ تین، تاساو!

٢

چەند لاوازم
ئۆف، بێ وزە و
زۆر ناسازم،
لەبەر چییە
هێزم نییە!

٣

دایە و بابەش
گەلێک ماندوون
دیارە تووشی
دەرد و خەم بوون!

٤

ماڵ بێ دەنگە
هەموو کەسێ
کپ و مەنگە،
گشت داماون
هەر نەماون!

کۆرس:

گەر ئەم جارە
چاو هەڵێنم
دوا بڕیارە
شتی کۆلان



هەر نەسێنم
هەر نەکڕم
قەت نەسێنم!

١٩٨٩-١-١٠



# ساڵی تازە

١

سالّی تازە
کۆرپەی نازە
چەن جوان ئەکشێ
بەخلە خل
هاتە پێشێ

٢

پلەیەک تەمەن
خۆش و دەگمەن
هاتە کایە
دڵ ئاوایە



٣

گشت مەڵەکان
بەسۆزی جوان
جریواندیان
تینی تازەی
ژینیان نوان

٤

ڕۆژی نوێ
لە دیدەما
پێ ئەکەنێ
پەژارە و خەم
وەلا دەنێ

٥

منیش هەردەم
هەوڵدەدەم
هەر نازدارم
گوڵبەهار بم
چاک ئەخوێنم
ڕەوشتی جوان
جوان ئەنوێنم

کۆرس:

هەموو خونچەین

گوڵی باخچەین
ڕۆژ ئەدوێنین
دوارۆژی گەش
لە چاومانا
ئەخەملێنین
لەگەڵ ڕۆژ و هەسارەکان
نەمر ئەژیین
وەکو ژیان

٣١-١٢-١٩٨٨





## پۆلەکانی ژین

کۆرس:

ئێمە پۆلی ژیانین
وەک جوانی جوانین
گەشاوە و کامەرانین

١

من لە پۆلی یەکام، یەک
پۆلی یەک پاک و زیرەک

٢

من لە پۆلی دووەمام
گورج و زەنگ و وریام

٣

منیش پۆلی سێیەمم
پوختەی شیلەی بەرهەمم

٤

منیش لە پۆلی چوارام
لە بەهەشتی گوڵزارام

٥

منیش وا پۆلی پێنجم
شەیدای گوڵزاری ڕەنجم

٦

منیش لە پۆلی شەشام
لە دیدەی ڕۆژی گەشام

کۆرس:

خونچەی سەر سنگ و یەخەین
شادی و شانازی و ئۆخەین
هەرگیز درێغی ناکەین
جگەر گۆشەی ئەم خاکەین

١٤-١٢-١٩٩٤





## تۆپ

١

ئەم فتبۆڵە
هەروەکو خۆم
گورج و گۆڵە
بۆ کوێ بڕۆم
لەگەڵمایە،
پێوەندیمان تا هەتایە
دوایی نایە

٢

کاتی یاری
زۆر توند و تۆڵ

به هۆشیاری
گۆڵ لەسەر گۆڵ
تۆمار ئەکا
بەخۆشییەوە
هاوار ئەکا:

٣

ئەوی ڕەنجی
ورشەدارە
زۆر بەگورجی
لەناو کۆڕا چاک دیارە،
هونەری جوان
جوان ئەنوێنێ
ئاواتی گیان
ئەخەملێنێ...

٤

ئەم تۆپەی من
گوژمە تیشکی
گەشە و ڕۆشن،
وەک ڕێبەرێ
چاک و پاکە،
وەک گەوهەرێ



کۆرس:

ئەم هاوڕێیە
ئامادەیە و
لەسەر ڕێیە،
بێ ئەوەی هیچ
دڵ بڕووشێ
بۆشایی زین
دائەپۆشێ،
کاتی زێڕین
ئەڕەخسێنێ
هیوای نەخشین
ئەنەخشێنی

١٩٨٩-٧-١

# باران



١

خرمەخرمی بارانە
مژدەی گەشتی یارانە،
ئا ئەم باران و وەشتە
پێکەنینی بەهەشتە

٢

باران جەژنی هەژارە
شادیی لوتکە و هەوارە
بەختەوەریی هەمووانە
هێز و تینی ژیانە



٣

باران خەندەی منالّە
گەشەی دەشت و لاپالّە
گولّبارانی ئاسمانە
گەشانەوەی جیهان و
خۆشبەختیی کوردستانە

٤

بارانە، وا شەست دەکا
هەناوی چاوچنۆکان
نائومێد و پەست دەکا
ئەوی کە گرانجانە
ئێجگار دەردی گرانە

کۆرس:

مەرجە ئێمەش وەک باران
ببینە مایەی شادی
بۆ دەشت و بۆ کۆساران
مژدە و خۆشی و شادانین
دیارییە گەشەی یەزدانین

١٠-١١-١٩٨٦

## دایە خان



١

دیارە سەرچاوەی ژیان
تەنیا دایکە- دایە گیان
دەبا سەرگەردانی بێن
لە هەوارگەی بەرینا
بە گیان ئاوێزانی بێن

٢

بێگومان و زۆر ڕوونە
هەرچی سۆزی گەردوونە
بەرانبەر سۆزی دایە
یەک تنۆکی دەریایە



٣

خۆشەویستی ڕۆژگار
ئەوەندەی تر، هەزار جار
ناگاتە یەک لێدانی
دڵی پڕ سۆز و گەشی
سەرچاوەی میهرەبانی

٤

ئاوازی قووڵ و باڵای
هەموو زەوی و ئاسمان
بەرانبەر وشەی: دایە
داماوە و دەستەوەستان

٥

بێگومانم، دڵنیا
باڵاترین سیمفۆنیا
لەسەر ڕووی ئەم جیهانە
لاوانەوە و لایلایەی
دایەی هەمیشە جوانە

٦

دڵی زۆر بە پەرۆشی
تین و سۆز و باوەشی
لانەی وزە و ئارامن

چاوگەی ئاوات و کامن

٧

تاکو دەوران دەورانە
هەرچی جوانیی جوانانە
ناگاتە گەشەی خەندەی
دایەی شیرین بۆ کۆرپەی

٨

کام دیمەن و کام تابلۆ
کام گەشە و ورشەی ئاسۆ
پیرۆزن وەک خەرمانەی
دایەی شیرین گفتوگۆ؟

٩

هەر جوانییەک داڕێژراوە
هەر ئاوازێ بێژراوە
هەر پیرۆزی نووسراوە
با هەموویان تەرخان بن
وەکو گوڵی ئازادی
شاباشی (دایەخان) بن

١٠

لانکۆڵەی ئادەمیزاد
یەزدان بەدایکی سپارد



جا بۆیە مرۆڤایەتی
بەهەستی پاک و باڵا
(دایەگیان) ڕووگەیەتی

کۆرس:

تاقە بانووی باڵایە
بەهەشت لە ژێر پێیدایە
تاکو ستایشی کەین
هێشتا هەر سەرەتایە
چاکەی کۆتایی نایە
گیانی شیرینە دایە

١٩٩٥-٥-٢٣



## هەلوور بەلوور

١

پشووی دوای کۆششە
وازیی خاوێن زۆر خۆشە
زوو وەرنەوە بۆ یاری
دووربن لە نالەباری
ئەمڕۆ هەلوور بلوورە
زیرەک، جوان و ڕووسوورە

٢

هەلوور بلوور تەکامە
ئەوی پاک و ئارامە
وانەی ژینی ڕەوانە
بینایی دوو چاوانە



٣

بێ لە ڕیزا دانیشێ
لاقی خاوێن ڕاکێشێ
دەستی خرپن بجوولێ
گەردی سستی نەهێڵێ
بەقاقای قووڵی هەناو
دەرد و پەستی هەڵکۆڵێ

٤

بەگەمەی پاک و بێگەرد
وەک گوڵاڵەی گۆنای هەرد
دڵمان ئەگەشێتەوە
دەروونمان ئەشنێتەوە

٥

هەتۆڵ مەتۆڵ تەکامە
ئەوی ژیر و چالاکە
هاوڕێ و خوشک و برامە،
هەرکەسێ دڵی پاکە
زۆر بەختیار و بێباکە

٦

هەر منالێک بێوەیە
خێر و بێری پێوەیە

وەک کۆتری ئاشتییە
سروودی ئازادییە
زۆر زرنگ و وریایە
کارامە و دڵنیایە

کۆرس:

هەلوور بلوور تەکامە
زەرد و سوور و شەمامە
بەیاریی خۆش و جوان
گەش و ڕازاوە ئەبین
وەک پەپوولەی کوردستان

١٩٧٧-١٢-٢٣





## یەکەمین هەنگاو

١

بەیانییان
تێکەڵ بەئاواتی جوان
لەگەڵ خەندەی
دیدەی گەشی سەرکەلانا

٢

لەگەڵ زرنگەی
پێشەنگی گەشی کاروانا
جریوەی ئەستێرەی بەربەیان
ئەبێتە هاوڕاز و میوان

٣

لەناو گزنگی چاومانا
لە دەروون و هەناومانا
جونبوشی کۆشش و فرمان
دێتە بزووتن و هەژاران

کۆرس:

بۆیە هەنگاوی تەمەنمان
ڕوو لە هەوراز و هەوارە
خونچەی هاوڕازی گوڵشەنمان
ورشەی سەرگۆنای بەهارە

١٩٨٥-٩-٣





## گەماڵە بۆر

١

گەماڵە بۆرە گەورە
خەریکی خول و دەورە
قەپۆز و لمۆز ڕەشە
پێی وایە هەر خۆی گەورە و
دەماخ بەرز و سەرکەشە
کام قەپەی نەرم و نیانە
تەنیا بۆ خۆی شایانە!

٢

سەرنج بە چەن نەزانە
چەن گێل و سەرگەردانە!

ئەیەوێ هەموو دنیا
هەر بۆ خۆی بێ بەتەنیا!

٣

قەپ زل و چاوچنۆکە
لە ئاستی بواری ژینا
نەوێر و ترسنۆکە،
ئەها، چەواشە بووە
زۆر بێ ورە و لەرزۆکە

کۆرس:

خەریکی پەلامارە
حاڵی زۆر شڕە، بەهارە
هەڵپەی کۆتایی نایە
دەردی گلاوی چاوچنۆکی
هەر تۆپینی لە دوایە!

١٩٨٠١-٩-١٠.





## بەرەو ڕووناکی

١
وەک جریوەی بەربەیان
ڕازاوە و نەرم و نیان

٢
وەک پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ
وێنەی بانگەوازی زەنگ

٣
وەکو گزنگی دوندان
شاد و گەشاوە و خەندان

٤

وێنەی بەرخی شلومل
گورجوگۆڵ، بەخلەخل

کۆرس:

وێنەی سروودی ئاوات
وەکو دیدەی خۆرهەڵات
هاتووین بۆ قوتابخانە
کە لەناخ و دڵمانا
ڕووناکیی گشت جیهانە

مامۆستا:

خونچەکانی ژیانم
کۆرپەکانی باوانم
جریوە و چریکەی باخانم
ساز و شنەی شاخانم
دەک بەخێر بێن هەزار جار
بۆ سەرچاوەی ژیان و
نۆشی هەمیشە بەهار
ئۆخەی ڕۆڵەی گیانی گیانی
خۆشی و شادیتان هانی

٣٠-٩-١٩٨٩





## فریشتەی باڵا

١

دایە پایەی ژینمی
گوڵزاری ڕەنگینمی
بەرهەمی سۆزی گەشتم
زادەی گوڵی بەهەشتم

٢

ئەدالی گیان گوڵمەنی
چەم و گیان و دڵمەنی
وێنەت نیا دنیاتە
ئەدام هەر وێش ئەداتە

٣

دایکێ نوورا چاڤانی
کانیا سووزا یەزدانی
تە هەنگڤین و شەربەتی
پاقژی، ملیاکەتی

٤

دالّگە هەردوو چەوەیلی
بالا و بێگەردی، خەیلی
بوین تِ بوین منە
بە تِ ژینم ڕوشنە

١٩٩٨-٧-١





## بەفر

١

بەفرە گەشە باریوە
ڕێگەوبانی تەنیوە
وەکو دڵمان بێگەردە
جریوەی دەشت و هەردە

٢

ڕووی زەمینی پۆشیوە
پڕ دۆڵ و لوتکە و شیوە
هەموو لایەک ڕازاوە
مژدەی شادیی هێناوە
کاتێ بەفر ئەبارێ

خێر و بێر دێتە خوارێ

٣


ئەوی ژیر و توانایە
بۆ کایەی جوان شەیدایە
بابێ بۆ یاری و گەمە
بوارەکەمان زۆر کەمە
بۆ گەشەی دڵ و ڕەوان
ڕاکەن، وەرنە گۆڕەپان

کۆرس:

کە وەرز ئەڕەوێتەوە
ئەم بەفرەش ئەتوێتەوە،
وەرنە مەیدان دەسبەجێ
با هەڵمان لە کیس نەچێ
یاریی بەفرە سپییە
ئازاردانی تیا نییە

٢٧-١٢-١٩٨٨





## ساڵ بە ساڵ

١

سەرنجێ بە، تەماشا
تەمەن ساڵێ هەڵکشا
ڕێبازمان هەر ڕۆشنایە
بەختی گەشمان ئاشنایە

٢

هەروەکو کۆمای خەرمان
خێر و بێر دێتە ڕێمان
ساڵێ زیرەکتر ئەبین
هاوکاری یەکتر ئەبین

٣

ژیر و داناتر ئەبین
زۆر بەتواناتر ئەبین
ئەبین بەگەشەی کۆمەڵ
بە تیشکی ڕۆژ و مەشخەڵ

٤

هەموو ڕوو لە هەورازین
یەک ئامانج و یەک ڕازین
ساڵ بە ساڵ پێش ئەکەوین
لە سایەی ڕەنجی پیرۆز
ئازادین و ئەسرەوین

١٩٩٦-١-٥





## فتبۆڵێن

١

کۆڕ بەستراوە،
لە گشت لاوە
گۆڕەپانمان
بە ئاشقانی گەمەی خاوێن
دەورە دراوە

٢

فتبۆڵێنە
گۆڵگۆڵێنە
گۆڵ لەسەر گۆڵ
بەدەست بێنە

٣

بە دڵێکی پاک
گورج و چالاک
بکشێ بۆ گۆڵ
ڕۆڵەی لاوچاک

کۆرس:

سۆمای چاوی
زۆر شیرینی
تۆ پێشیاوی
ئافەرینی ...
ڕۆڵەی چالاک و گورجوگۆڵ
سەد ئافەرین خاوەنی گۆڵ
بەڕاستی گیانت باڵایە
بە هەزاران ئافەرینت
پێ ڕەوایە،
ئافەرین و ئافەرین

١٨-١١-١٩٩٥





## وشەی نوێ

١

کاتێ مامۆستای هۆشیار
لەسەر تەختەی ورشەدار
وشەی تازە ئەنووسێ
هەر پیتێ مۆمی گەشە و
بۆ ژینم دائەگیرسێ

٢

منیش هەروەک ڕابەرم
ڕێی ڕۆژ ئەگرمە بەرم
بەڕێبازی ڕۆشنا
زۆر هۆگر و ئاشنا

ڕوون و گەش و دیارە
گەشت بۆ لوتکە و هەوارە

٣
پەیڕەوی وشەی تازە
پیرۆزترین ڕێبازە
ئالآی گەشی کاروانە
بۆ ئامانجی هەمووانە

١٩٩٥-١٢-٢٥





## یەکەم وێنە

١
یەکەم خەتی تەباشیر
بووە زاخاوی هەست و بیر

٢
کە هەستامە سەر تەختە
وامزانی تەخت و بەختە

٣
کە دەستم دایە خامە
هەستم کرد ژین بەتامە

٤

یەکەمین وێنەم کێشا
ڕیشەی دەردم دەرکێشا

٥

کە یەکەم وشەم زانی
فڕیم بۆ شادمانی

٦

کە دەستم کرد بەنووسین
کەوتمە شادی نۆشین

٧

فێری خوێندن و نووسین بووم
بەرەو ئاسۆی ژیان چووم

کۆرس:

دار و بەردی وڵاتم
کانی و باخ و ساباتم
هەموویان تۆمار ئەکەم
یەکیان بەهەزار ئەکەم
دێر بەدێری سەر دەفتەر
خۆشی و شادییە تاسەر

١٢-١٠-١٩٧٠



# با



١

ئەڵێی جیرەی دەرگایە
کەسیش دیار نییە، خوایە!
کێیە! فەرموو، میوانە!
میوان جێی سەرچاوانە

٢

دەنگ نایە و کەس دیار نییە
دا بابزانم چییە!
ئای، گوڵان شەکانەوە
ئۆی دڵان گەشانەوە!

٣

میوانەکەمان بایە
زۆر بە نرخ و باڵایە
بۆ ژین یەکەم پێویستە
سەنگین و خۆشەویستە!

کۆرس:

ئەی هەوای شادمانی
سەرچاوەی کامەرانی
با سروە هەڵکاتەوە
دەردمان لەبیر باتەوە
ئەم گەردوونە فراوانە
بەبێ شنەی ئازادی
کەلاوەیە، وێرانە

١٣-١١-١٩٨٦





# خاوێنی

١

خاوێنی خووی باڵایە
فەرمانی بەرزی خوایە
خاوێن هەمیشە جوانە
خۆشەویستی یەزدانە

٢

خاوێن شاد و بەختیارە
دوور لە دەرد و ئازارە
هەر کۆرپەیەک کە پاکە
گەش و ژیر و چالاکە

٣

خاوێن گوڵی گەشاوە
هەمیشە هەر ڕازاوە
هەرکەس پاک و خاوێنە
خونچەیەکە بێ وێنە

٤

ئەوی خاوێن و پوختە
فریشتەی شادی و بەختە
بەختەوەر و شادانە
دنیای پێ ئاوەدانە

کۆرس:

خاوێنی خووی باڵایە
فەرمانی بەرزی خوایە
خاوێن هەمیشە جوانە
خۆشەویستی یەزدانە

٦-١١-١٩٨٩



## ئاژاوە



١

بابە، بابە
دایە، دایە
تو ئەو خوایە
تاکەی ئەم هەرا و هوریایە؟

٢

پێتان وتین
بەری ژیانین
ئەی لەبەرچی
هەموو ڕۆژێ نوقمی ژانین؟
بۆچی، بۆچی؟!
دەی لەبەرچی

٣

توخوا بەسە، دەی تەباین
دوور لە ئاژاوە و هەرابن،
سەرگەردانی، ماڵ وێرانە
لەجێی شادی هەر گریانە!
توخوا تاکەی
دەی بەسە، دەی!

بابە:

ڕۆڵە، بانگەوازی ئێوە
تیشکی دەشت و هەردوو کێوە
وا ئاوتان کرد بەئاگرما،
ئەها... ڕق و کینەم نەما!

دایە:

ڕۆڵە، ئێوە جگەرگۆشەن
خەرمانی ڕەنجی پڕ ورشەن
فریشتە و پەرین
پاک و شیرین،
وتەکانتان وەک خۆتانن
شینەی گوڵ و
شۆک و هەنگوینی کوێستانن!
منداڵەکان (بە گومانەوە):
واتە ئێستا دۆست وتەیان!
بوونەتەوە بەچراخان؟



وەکو جاران دایە و بابەن؟
هاوڕێی ئەم کۆڕە نایابەن؟

دایەو بابە:

دڵی ئێوە هەرچۆنێکە
دڵی ئێمەش هەر وا ڕێکە،
ئەستێرەی بەختی گەشمانن
کۆرپە گەشەی باوەشمانن

هەموو:

بژی ئاشتی و تەبایی
نامەی باڵای خودایی
خەندەی بێگەردی ناوماڵ
ژین ئەکا بەخونچەی ئاڵ
ئاشتیی ماڵ سەرەتایە
بۆ شادیی ئەم دنیایە

١٩٩٥-٧-١١



# لالەزاری پەروەردە

١

له سەرەتای بەهارا
وەرزی تازە بوونەوە و
سەیر و گەشتی گوڵزارا
جیهان له گۆڕینایه
له بەرگی ڕەنگینایه

٢

هەرکەس تۆوێ ئەچێنێ
ئاوات و ڕەنج و هیوای
دێرینی تیا بنوێنێ
یادی گەشی وەک گوڵان
ببێتە فێنکی دڵان



٣

بە پەروەردەی سەنگینی
بە ڕەوشتی شیرینی
وەکو ژیان بەردەوام
شەنگ بێ، هێور و ئارام

کۆرس:

ئیمەش قاڵی کێ بەر کێین
بۆ لوتکە هەنگاو ئەنێین
گوڵزاری پەروردەمان
دووره لە گەڵاڕێزان
گەشە وەکو دیدەمان
فرێنەی خەندەی ئازیزان

١٥-٢-١٩٨٢



## وشەی پڕ شکۆ

١

وشەی پڕشکۆی دایە
نەمرترین ئاوازە و
خۆشترین مۆسیقایە
سەرچاوەی ژیان بەخشە و
هەرگیز کۆتایی نایە
گیانی شیرینم دایە

٢

دایە گیان میهرەبانی
نایابترین جوانی
سۆزی گیانی تۆ بۆ من



ئۆقیانووسێکە بێ بن
قوربانیی زۆر بێ خەوشت
گەشە وەکو ڕووی گەشت
گیانی شیرینم دایە
بوونی تۆ گشت دنیایە

٣

پیرۆزترین ڕەنج ئەدەی
مەزنترین لێبوردەی
منیش خەندەی پەروەردەم
گەشە و سۆمایی دیدەم
وێنە و ڕەنگ و بۆی دایەم
ڕووناکی و هیوا و سایەم
گیانی شیرینم، دایە

١-٧-١٩٩٣



# چریکە

١

لەناخەوە من ئەخوێنم
هەمیشە شادی ئەنوێنم
کە چریکەم بەرز ئەبێتەوە
لوتکەی هەستی ئەشنێتەوە

٢

ئاوازی گیان ئاشنای ناخە
شنە و خەندەی لوتکەی شاخە
سۆزی گەرووم بەختیارییە
قەشەنگترین دیارییە



٣

کام مەلی ئەم سەرزەمینە
چریکەی وەک چریکەم بەتینە!
کام ئاهەنگ نەوبەهارە
وەک گەرووی من سازگارە!

کۆرس:

لە هەر لایەک سەر دەربێنین
خۆشەویستی بەدی دێنین
خێر و بێرمان لەبن نایە
وەک هەتاوی بێ هاوتایە

١٢-٣-١٩٨٤



# ڕێی قوتابخانە

١

ڕاستە، ڕێی قوتابخانە
پڕ لە خونچەی باخانە
تەماشاکە، ئەم ڕێیە
ڕێبازی ژینی نوێیە
جوانیی نەمر دیارە
وەک هەمیشە بەهارە

٢

پۆل پۆل پەپوولەی نەخشین
گوڵ و گوڵاڵەی ڕەنگین



ئەکشێین بۆ چاوەی ژیان
بۆ ناو پەروەردەی جوان

کۆرس:

پەپوولە و گوڵی زۆر ئاڵ
کوانێ جوانن وەک مناڵ!
ئێمە ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆژین
بۆ ژینی تازە ئەژیین،
بەتیشکی قوتابخانە
ژین گەش و چراخانە

١٣-١١-١٩٨٨

# ڕەنگینترین نیگار



١

ناسکترین هۆنراوە
تا ئێستا هەڵقوڵاوە،
ڕەنگینترین نیگارێ
بە ڕیشەی دڵ کێشراوە
بەبەی جەرگ و هەناوە

٢

گەشتر لە خەندەی بەیان
ورشەی دیدەی گەشیەتی



خۆشتر لە چێژی ژیان
هەناسەی بۆن خۆشیەتی

٣

لە ئاوازی یەزدانی
زیاتر بەگیان ئاشنا
مەگەر قاقای ڕەوانی
لە بارەگای ڕۆشنا

٤

خۆ گریان و نازەکەی
زریکە پڕ ئاوازەکەی
وەک گزنگی خۆرەتاو
تێن ئەخەنە بەر هەناو

کۆرس:

بەبە خەونی دێرینە
خەندەی ژینی شیرینە
بەنرخ و گرانبەهایە
لانکی لەناو دڵایە
بۆ ئارامی دڵ و گیان
هاودەمی بێ هاوتایە

٧-٢-١٩٩٤



## خەرجی

١
باسمان باسی خەرجییە
ئادەی، خەرجی بۆ چییە؟

٢
ئەیدەم بەخواردنی خۆش
حەیفە دەم بەتاڵ بێ و بۆش!

٣
منیش لە هەر شوێنێکم
کوژراوی هەڵپەی ورگم!



١
نەخشەکەتان هەر هیچە
ئامانجی پڕ و پووچە
هەرکەس بەم چەشنە بڕوا
چاوچنۆکە و تێر ناخوا

٤
هەندێ خەرجی و ڕۆژانە
هەڵئەگرم بۆ تەنگانە

٥
منیش زۆربەی تەرخانە
بۆ شتی قوتابخانە

٦
کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە
بۆم بوونەتە بەرنامە
باخی زانست ئاوایە
خەرمانی گوڵی تیایە!

١
زۆر پەسندە، ئافەرین
شاد و بەختەوەر، بژین
دیارە هەر کەس دووربینە

هەمیشە هەر گەشبینە

کۆرس:

بەرهەمی ئەم ڕەوانگەیە
ڕۆشنایی سەر ڕێگەیە
هەموو خونچەی شانازیین
شانازی و بەختەوەری
بۆ گشت جیهان ئەخوازین

١٩٨٧-٧-٥





## خونچەی ڕەنج

١

سۆمای چاوین، نازدارین
چەپکە گوڵین، گوڵزارین
خونچە و چرۆ و هەڵاڵەین
گوڵەباخ و گوڵاڵەین

٢

چەشنی گوڵان تاوەرین
وەک ژیانین، نامرین
لە کرێوە و سەرما و شەختە
لە کام هەڵدێری سەختە

٣

له کۆسپ و دەرد و بەڵا
له بەدکاری ناقۆڵا
دەستی دڵسۆزی و ئاوات
بەتین و کوڵ لاماندات

کۆرس:

زۆر ئەنتیکه دێینه بەر
هەر نەبووبێ لەمەوبەر
خونچەی ڕەنجین، نارەنجین
سامان و مایه و گەنجین
کۆششمان دوایی نایه
لەگەڵ خۆردا هاوتایه

١٩٨٣-٤-٤






## قوتابخانه بەهەشته

قوتابییەک:

قوتابخانه ئاهەنگه

کۆرس:

ئێمەش نەواو ئاهەنگین
پوورەی سەرقاڵی هەنگه
ئێمەش ئاپوورەی هەنگین
قوتابخانه بەهاره
ئێمەش لێزمه و شەستین
گەشت و سەیر گوڵزاره
ئێمەش گوڵاڵەی گەشتین
قوتابخانه بارانه
ئێمەش هیوا ئەڕوێنین

تین و وزەی ژیانە
ئێمەش پەپوولەی ژینین
قوتابخانە کانیاوە
ئێمەش لە دڵیا ئەژین
ڕووناکییە، هەتاوە
ئێمەش گزنگی ڕۆژین
ئای کە خوێندن چەن خۆشە!
ئێمەش تریفەی خۆشین
کۆششی زۆر پەرۆشە
ئێمەش هەر تێ ئەکۆشین

هەموو:

جیهان بێ قوتابخانە
ئازار و دەرد و ژانە

١٠-٩-١٩٧٩





## ئاهەنگ و پێشبڕکێ

ئاهەنگ و پێشبڕکێیە
وەرنەوە، کێبەرکێیە
مەیدانی چالاکییە و
بزانین چەپڵە بۆ کێیە!

٢

ئاهەنگمان زۆر ڕەنگینە
پەروەردەیە و زانینە
ڕۆشنبیری و زانستە
گەمەیە و پێکەنینە

٣

با بەشداری ئاهەنگ بین

ژیر و دانا و پێشەنگ بین
کامەران و بەختەوەر
هەمیشە هەر چەلەنگ بین

٤

ئاهەنگە، زەماوەندە
بە دەروونی پڕ خەندە
بۆ کوردستانی بەرین
با بەشادی هەڵپەڕین
مژدە و گزنگی نوێ
بۆ هەموو جیهان بەرین

١٤-١-١٩٩٦





## شەنگەگوڵ

١

ئەم گوڵزارەی ئێمە هەرگیز
وەرز و مەرزی هەر بۆ نییە
دوورە لە خەزان و پاییز
مەڵبەندی هیوا و شادییە

٢

هەموو گوڵێکی جوانە
مایەی بینایی چاوانە
بەرهەم باڵایە و بێ وێنە
پەروەردەی گەش و خاوێنە
بۆن و بەرامەی ژیانە
چاوی ڕەنج و تێکۆشانە

٣

له پایزا ئەم گوڵزارە
وێنەی بووکی نەوبەهارە
ورشەی ئەکاتە گشت لایە
عەتر وگوڵاوی لەبن نایە
شەنگەگوڵی هەمە وەرزە
بەرز و شەنگ و هەزار تەرزە

٤

کاتێ وەرزی بەهاریش دێ
هەنگی گەشاو سەقاڵی ئەبێ
بەکوڵ شەنی خەرمانی ئەکات
نۆشەبێ، شیلەی ڕەنجی ئەخوات

کۆرس:

گوڵزاری ئێمە هەمیشە
سەرچاوەی کۆشش و ئیشە
دیاری و بەخشی بێ کۆتایە
وێنەی نییە، بێ هاوتایە

١٨-١٠-١٩٨٥





## وەرزش

١

وەرزش پاکیی ڕەوانە
ڕەوشتی بەرز و جوانە
ڕوانگەی گەشی ژینە
مایەی فەڕ و نگینە
لابەری دەرد و ژانە
ئاسوودەیی ژیانە

٢

گورجوگۆڵە وەرزشکار
گەشە، وەک خونچەی بەهار
هەنگاو بەهەنگاو ژینی

هەر شادییە و گەشبینی

٣

وەرزش نوێ بوونەوەیە
خەم لە یادچوونەوەیە
جموجووڵە و لەشسووکی
لێهاتنە و چاپووکی

٤

هێز و توانای وەرزشە
خاو و خلیچکی دوێنێش
خاوەن وزە و کۆششە
ڕاستە، وەرزش تین بەخشە!

٥

وەرزش خۆڕاگرتنە
گیانی لە خۆبوردنە
ساخیی لەش و ئاوەزە
یارمەتی و هەرەوەزە
بانگەوازی هاوکاری و
گیانی پاک و نەبەزە

کۆرس:

وەرزش نامەی ئاشتییە
برایەتی و ڕاستییە
تینێکی فراوانە



نامەی دڵانی شادی
سەرانسەری جیهانە

١٩٦٨-٩-٧



## زەوی

١

زەوی، زەوی
تەختانییە، بەرزی و نەوی
شاخە، هەردە، دەشتە دۆڵە
ئاوە، کشتوکاڵە، چۆڵە
دەغلّودانە
جوانترین هەسارەی یەزدانە
زەوی... زەوی

٢

گۆم و ڕووبار و دەریایە
خێر و بێری لەبن نایە



لانی هەموو بوونەوەرە
دایە گەورەی بەهرەوەرە
زەوی... زەوی

٣

بەئاواتی گیان و بەکام
لە باوەشیاین، شاد و ئارام
دڵی زەوی فراوانە
سفرەی هەنگوینی ژیانە
خوانی ڕەنگین واڵایە
خەڵاتی مەزن و باڵایە
زەوی... زەوی

کۆرس:

بەخەندەی گەش، بەسۆز و تین
زادە و کۆرپە و هۆگری ئەوین
پیتی هەرگیز دوایی نایە
دایکی نەمری گشت دنیایە
زەوی... زەوی

٢٠-١٠-١٩٩٢



## دایە و ڕووبەری ژین

١

یەکەم پێویستیی ژیان
هەر هەوایە، بێگومان
دایەی شیرینم، دایە
هەناسەی ژینبەخشی تۆ
بەسۆزترین هەوایە

٢

سەرچاوەی ژیان ئاوە
بێ ئاو سەراپا جیهان
وێرانەیە و کەلاوە



دایە گیان، سۆما و دیدەی
لە ئاو زیاتر بەخشندەی

٣

هاوار دەکەم بەبێ باک
لە هەوا و ئاو و خۆراک
سۆزت بەخشندەترە
سەرچاوەی هێزی، دایە
بێ تۆ ژیان کۆتایە

٤

بێ گزنگ و ڕووناکی
ژین دۆزەخە و تاریکی
بێ پەروا بانگ هەڵدەدەم
دایە ڕۆژ و هەتاوە
توانا و تینی هەناوە

٥

گەلێ شیرینتر لە گیان
نیشتمانە و نیشتمان
گەردوون دەنگ دەداتەوە
دایە تۆش زێد و، مانی
وەک نیشتمان جوانی!

کۆرس:

دایە چاوەی ژیانی
تین و وزەی هەمووانی
بۆ دڵی لانەوازان
ئارام و پەنا لانی

٢٠-٧-١٩٩٣





## هاریکاری

١

سەردەمی ڕاپەڕینە
دنیا بەرەو گۆڕینە
ڕۆژی شادیمان هەڵهات
بەختەوەریمان بۆ هات

٢

ژینمان برایەتییە
یەکبوون و یەکێتییە
وەکو سرروودی ژیان
بێ سرەوت و بێ وچان
یەک ڕیز و شان بەشانین
سەرقاڵی تێکۆشانین

٣

ئارەقەی دڵ ئەڕێژین
کوردستان ئەپارێزین
ئەبین بەکڵپەی نەمر
بۆ بەهەشتی زۆر بەرین

٤

بست بە بستی کوردستان
هەموو گەرمیان و کوێستان
ئەکەین بەچراوگ و گوڵ
بە باخ و ڕەز و بێستان

کۆرس:

ڕۆژی هاریکارییە
چیمان هەیە دیارییە
بازووی مەردی هەڵدەکەین
یاریدەی یەکتر دەدەین
کۆرپەی ئاوات و ڕاستین
هەتاکو سەر ناوەستین،
خێر و بێری کوردستان
لە خۆمانە و بۆ خۆمان
لە باوەشیا ئەژین وەک
تاجی سەری سەربەستان

٩-١١-١٩٩١





## جوانترین دیمەن

١

وەک ئاوازی بەهاری
بارانی شادی باری
خۆریش بەخەندەی خۆشی
هەموو دنیای داپۆشی

٢

لە گوڵزار و چیمەنا
خونچە چاوی هەڵهێنا
بەسۆزی دڵی شادان
بولبولیش هاتە مەیدان

٣


ئێمەش بەم تین و تاوە
وەک جریوەی گەشاوە
گورج هاتووین بۆ بەشداری
بۆ ناو کۆڕی هاوکاری

کۆرس:

بۆ ناو شادی کشاوین
لەلازاری نەخشاوین
کۆڕمان گەشەی ژیانە
جیهانی خەندەرانە

٢٢-١٢-١٩٨٩





## هیوا

١

چاک ئەزانم کە دایە
دڵی پڕ لە هیوایە
دەرچم، بیحەوێنمەوە
خەمی بڕەوێنمەوە

٢

بابە گیان چاوەڕێیە
ڕۆشنی بم بۆ ئەم ڕێیە
بەتەمایە پێ بگەم
دڵ و دیدەی ڕۆشن کەم

٣

مامۆستا زۆر بەخۆشی
تیشکی ژینی پێم بەخشی
چاوەڕێیە ئەم باخەی
بێتە بەر، بڵێ ئۆخەی

٤

دایکی گەورەش نیشتمان
لە باوەشیان بێ وچان
زۆر بەکوڵ هیوادارە
جگەرگۆشە گەشەکا
ئەوسا تەواو بەختیارە

کۆرس:

مەرجە ئێمەش مەردانە
چالاک و نەبەردانە
ئەمەکدار و پێزان بین
ئاواتی ئازیزان بین
چاکی لێ بکەین بەلادا
ڕەنجیان نەدەین بەبادا

١٣-١١-١٩٧٠





## ئاگرە گەشە

١

نەورۆز مژدەی خۆشییە
وا لە گیان و یادایە
دژی پەستی و ڕەشییە
تیشک و گەشە و ڕۆشنایە

٢

ئاگری نەورۆزی گەشاو
قەت ڕەش و دزێو ناکەم
گوڵی بەهاری نەخشاو
ژاکاو و پەشێو ناکەم

٣

بەتایە و پەڕۆ و پیتاڵ
نەورۆزم ناشێوێنم
دنیای فریشتە و مناڵ
بەدووکەڵ ناڕەنجێنم

٤

وەکو باو و باپیران
لەو سەرلوتکە و هەردانە
کڵپەی نەورۆزی شێران
هەڵئەکەین زۆر مەردانە

٢٧-١-١٩٩٧





## پەیمان

١

بەکۆمەک و هەرەوەز
هەر بە وێنەی باخ و ڕەز
هەروەکو دانەی گەوهەر
قوتابخانە هاتە بەر

٢

بەهەزاران هەزاران
خونچە گەشەی گوڵزاران
لە باخچەی قوتابخانە
جوانترین گفتوگۆیانە

٣

بۆ دوارۆژی بەختیاری
وەک ڕۆژ ئەدرەوشێینەوە
وەک چڵەپۆپەی هۆشیاری
هەمیشە ئەشنێینەوە

کۆرس:

مامۆستا و دایک و باوکان
ڕابەرانی دڵپاکان
پەیمانمان داوە پەیمان
ڕەنج و تین و کۆششمان
تەرخان بن بۆ نیشتمان

٢٦-١٢-١٩٨٨





## بابە گیان

١

بابە گیان زۆر مەزنی
تۆ سەرچاوەی ڕۆشنی
شەو و ڕۆژ تێ ئەکۆشی
هەمیشە هەر ڕووخۆشی

٢

هەر لە بەیانییەوە زوو
خەریکی ئیشوکاری
بێ حەسانەوە و پشوو
بەڵام زۆریش بەختیاری

٣

چی توانا و تێکۆشانە

هەر بۆ ئێمە تەرخانە
ئەگەر ڕەنجی تۆ نەبێ
حاڵمان زۆر پەرێشانە

٤

بابە دیاری لە ئاسمان
خەمخۆری هەموومانی
بە پەروەردەی پاک و جوان
جگەرگۆشەت پێ گەیاند

دایکی منداڵان:

منیش بەگیان و ڕازم
لە خوای گەورە ئەخوازم
باوکی منالآن بێ وەی بێ
هەرچی خەفەتە نەیبێ

باوکی منداڵان:

سوپاس بۆ خودای گەورە
وا ئەم کوڕەم لە دەورە!
ئەخوازم کە سەرانسەر
شادی بێن بۆ دەوروبەر
سەراپا هەموو جیهان
گولزاری ڕازاوە بێ
بەختەوەر و ئاوەدان

٢٠-٦-١٩٩٨






## ئاڵای پێشەوا

١

لەناو دڵی مەهابادا
لەناو کلێپەی چوارچرادا
خۆشبەختانە
هەتاوی کورد پڕشنگی دا
شەوەزەنگی شوومی ڕادا

٢

ئەم ڕۆژە گەشە شەیدایە
گیانی باڵای پێشەوایە
تا هەتایە

قازی محەمەدی نەمر
لەناو دڵی پڕ لە کوڵی
کۆڕی خەباتی کوردایە

٣

پێشەوامان
مەسیح ئاسا
هەستایەوە، لە توێی کراسا
کەوتەوە ڕێ، هاتەلامان
دەستی بەسەرمانا هانی و
زامی کوردی
سارێژکرد و زۆر بەوردی
ڕێبازی بۆ دیاری کردین
بەرەو ڕۆژی ڕوونی بردین

٤

هەموو وتەی
پڕ لە ورشەی
توانا بەخشی پێشەوامان
نەخشی گەشی سەربەردە
ڕابەر و ڕێنمایە و
نەخشەی کوردی نەبەردە

٥

لە کوردستانی بەرینا



هەموو لایەک مەهابادە
لە دەورانی ئاگرینا
وەک پێشەوا
دڵی هەموو کوردێ شادە


٦

هەرچی ڕۆڵەی کوردستانە
تیشک و پێشەنگی کاروانە
سۆمای دیدەی
بەهەزاران چوارچرایە
پێشەوامان هەر ڕابەرە و
کاروانی خۆر دوایی نایە

کۆرس:

ئالآی بالآی پێشەوا
هەر بەرە و لوتکە ئەڕوا
مژدە و نامەی زێڕینە
هەموومان لە سایەیدا
بەگیانی پاک و شەیدا
یەک ئامانج و یەک ڕیزین
گیانمان لەسەر دەستمانە و
وەک چاومان ئەیپارێزین

١٩٩٤-٣-١١



# دراوسێ

ئاخێوەر:

وتەی پێشینانمانە
سەرانسەر ئەم جیهانە
بەگیانی دراوسێیەتی
دوورە لە گرێ و نەگبەتی

١

بەر لە هەمووان دراوسێ
خەمخۆرمانە و پڕ بەدڵ
چاک هەواڵمان ئەپرسێ
هەروەکو ماڵی خۆمان
زۆر مشوورخۆرە بۆمان



بەم بۆچوونە و بەم پێیە
یەکەم کەس دراوسێیە

*

دراوسێ هەموو کاتێ
هانایە و ئەمانگاتێ
هەمیشە هانامانە
دڵسۆز و پەنامانە

٢

لە خۆشی و ناخۆشیدا
لە گەرمەی پەرۆشیدا
بەشدار و هاوارمانە
بەسۆز و هاوکارمانە
دراوسێی چاک خەڵاتە
خێر و بێر و بەراتە

*

بەهەستی پاک پێکەوەین
بەهاواری یەکەوەین
هەر سەرقاڵی یاریدەین
بۆ یەکتر سۆما و دیدەین

٣

لەگەڵ هاوسێ هاوڕەنگین

هاومەبەست و هاودەنگین
یەک هەست و دڵ و گیانین
بۆ ئاسۆی نوێ ئەڕوانین
پێشەنگی هەرەوەزین
وەرە بەرز و نەبەزین

*

هاوسێکانمان نموونەن
دانسقەی ئەم گەردوونەن
گەڕەکمان هەر گوڵزارە
چەپکەگوڵی هەوارە

٤

هەموو داروسێکانمان
یەک بە یەک هەڵبژاردەن
گەڕەکیش گەش و جوان
وەرن سەرنجمان بدەن
گیانیشمان بۆ یەکترە
بەم جۆرە ژین خۆشترە

*

هەرچی دراوسێمانە
بەر لەسەر و سامانە
تاکو دوایین هەناسە
هەر دڵسۆزترین کەسە



٥

هیچ کەس وەکو دراوسێ
چاک دراوسێ ناناسێ
پێشتر لەسەر و ماڵە
دڵسۆزترین هەڤاڵە
تاکو دنیا دنیایە
بە گیان لەگەڵمانایە

*

چەند خۆشە لەگەڵ یەکا
سەراپا لە گەڕەکا
هەموو دڵسۆز و پاک بین
هەردەم دراوسێی چاک بین

٦

چەن خۆشە بەئارامی
دوور لە خورپە و سەرسامی
لەگەڵ یەکا بەبێ خەم
بژین بەشادی، سەرجەم
لە یەکتر دڵنیابین
وەک فریشتە ئاشنابین

*

وترا هەموو هاوسێیان

وەک فریشتە و پەری وان
ڕێچکە بتەنێتەوە
جیهان ئەحەسێتەوە

کۆرس:

بێت و گشت دراوسێیان
هەروا سەراپا جیهان
لەناخەوە تەبابن
هەموو خوشک و برابن
گشت کەسێ ئاسوودەیە
شادمان و بێ وەیە
سەراپا زەوی و ئاسمان
ئەبنە ورشە و چراخان

٢٠٠١-١-١





## زەنگی کۆشش

١

چرپەی سروەی بەیانە
بەخێربێ، ئیمتحانە
جێی کۆشش ڕاخراوە
کاتی تەرخان کراوە،
دەرفەتە، بۆ ئەم بوارە
ڕەنجی بالاّ دیارە

٢

وانەم زۆر باش خوێندووە
خۆم ئامادە کردووە،
چی ئەپرسێ، بپرسێ

هیچ دڵم لێی ناترسێ
شاباشی خۆم باش ئەدەم
بەئەنجامی گەش ئەگەم

٣

بە دەرفەتی ئەزانم
خەرمانی تێکۆشانم
لەبەر خۆرا هەڵبخەم
پاڵبەمەوە بەبێخەم
پاداشتی ئالۆ واڵام
گەز گەز باڵا بەباڵام

کۆرس:

چرپەی سروەی بەیانە
ئەزموونە، ئیمتیحانە
چی ئەپرسێ، بپرسێ
هیچ دڵمان لێی ناترسێ

٢٣-١٢-١٩٨٩





## سەیران نەورۆز

١

چەن جوان گوڵاڵەی ڕەنگین
لەسەر هەردان ئەشنێ!
بەدیدەی گەش و گەشبین
وەک ئێمە پێ ئەکەنێ!

٢

هەرچی ئادەمیزادە
وا لەو دەشت و کێوانە
نەورۆزە و دنیا شادە
گەشت شایی و سەیرانە

٣

جەژنەکەمان مەزنە
سۆمای دیدەی کوردانە
چقڵی چاوی دوژمنە
چراوگی مەردانە

٤

نەورۆز جەژنی هەمووانە
تاکو دەوران دەورانە
کڵپەی ناخ و هەناوە
ڕۆشنایی کوردستانە

١٩٩٧-١-٢٦





# ئاو

١

ئاو سەرچاوەی ژیانە
بەئاو، ژین ئاوەدانە
هەموو ڕووەک و گیاندار
بەدرێژایی ڕۆژگار
ئاوی سازگار نۆش ئەکەن
خەمیان فەرامۆش ئەکەن

٢

ئاو خەڵاتی ئاسمانە
مایەی فەڕ و سامانە
ڕاڕفێنی ئازارە

به ئاو جیهان گوڵزاره
هەموو باخ و دارستان
هەموو گەرمێن و کوێستان
بست بەبستی دەوروبەر
هەر بە ئاوە دێنەبەر

٣

ئای ئاو چەندە جوانە
ورشەی تەختی یەزدانە!
گەش گەش ژین ئەڕازێنێ
جوانترین دیمەن ئەنوێنێ
تین و توانا و ڕەوانە
بێ ئاو ژیان نەمانە

٤

زیندەوەری سەرزەمین
گیانداری دەریای بەرین
بە ئاو کاریان تەواوە
بێ ئاو گیاندار فەوتاوە
ئاو ژین بەخشە، بژێوییە
بەنرخە، هاوتای نییە

٥

بەهەزاران هەزاران
کەشتیی دەریا و ڕووباران



بەناو ئاودا ڕێ دەکەن
پێویستمان فریا دەخەن
ئاو، ئاو... گەشترین ڕێیە
هێمای نەمریی پێیە

٦

بۆ خاوێنی بێ وێنە
وازی و گەمەی هاوینە
پارووە نانێک و خۆراک
ژینی بێگەرد و بێباک
تەنیا هەر ئاوە و ئاوە
بە ئاوە ژینمان ماوە

٧

واتە تاکو ئەتوانین
نرخی ئاو باش ئەزانین
هەروەکو هەردوو چاومان
چاک ڕێز ئەگرین لە ئاومان
جوان بەکاری ئەهێنین
تا هەرگیز دانەمێنین

کۆرس:

ئاو لە چەم و تاڤگەدا
وەکو نەمری بانگ ئەدا
نۆتەی ژیان ئەچڕێنێ

مرواری ئەپرژێنێ
خۆشی و شادیی فراوان
ژینی هەمیشە و نەمر
ئەبەخشێ بەئێمەش و
سەرانسەر هەموو جیهان

١٥-١٠-١٩٩٢





## نوێ بوونەوە

١
وا سپێدەی بەیانە
وەک گزنگی دڵی من
خەندە و گەشەی ئاسمانە
بەهرەی دڵی پەلەوەر
بووەتە شادیی دەوروبەر

٢
ئەم کێو و دەشت و دەرە
ڕازی نوێیان لەبەرە
هەر پیتێ هەزار جۆشێ
وەک گوڵ بەگیان ئەبەخشێ

٣

گوڵ و گوڵاڵە و چیمەن
خوتورکەیەکی دەگمەن
ئەخەنە دڵ و هەناو
هەستی ئەبێ بەهەتاو

٤

هاژەی بەفراو و تاڤگە
سۆز و ئاواز و بانگە
بۆ ڕاماڵینی ژەنگە
کۆتایی شەوەزەنگە

٥

هەناسەی نوێی تەمەن
سروەی بەیانی ڕوونە
تین و توانای ڕەسەن
جریوەی گەشی گەردوونە

٦

چەخماخەی ناخی بەهار
تیشکێ ئەکا بەهەزار
تارای نەورۆز هەمەجۆر
گزنگ ئەبەخشێ بەخۆر



کۆرس:

هاوبەشیی ئەم بەیانە
نوێبوونەوەی ژیانە
لەم بوارە سازەدا
لەم ڕێ و بەردەبازەدا
گەرمەی گوژم و تەکانە
وەرزی کار و فرمانە
هەرچی نوێ نەبێتەوە
ئەڕوات و ئەتوێتەوە

١٩٨٢-٣-٢١



## ژینگەی مەزن

ئاخێوەر:

زەوی دایە گەورەیە
هەموومان لە باوەشیا
دەروونمان ئاسوودەیە
پەروەردەی ناو گوڵزارین
تاسەر بۆ ئەم لانکەمان
پێزان و ئەمەکدارین

١

زەویم، دایکی هەموانم
بەخشندە و میهرەبانم
لانکی ئادەمیزادم
گەلێ بەختیار و شادم



ماڵەباوان ئاوایە
سوودم کۆتایی نایە

*

باران گەشەی ژیانە
دیاری و بەخشی یەزدانە
بەسۆزی گەشی ئاسمان
زەوی ئەگەشێتەوە
سەراپا هەموو جیهان
شادییە و ئەشنێتەوە

٢

بارانم، من بارانم
مژدەی ژینی پڕ خێری
گەرمەسێر و کوێستانم
هاژەم گەشەی زەوییە
من نەبم گوڵزار نییە
سەرانسەر ئەم دنیایە
بەخرمەخرم و خەندەم
خەندەران و ئاوایە

*

ئاوەدانی بە ئاوە
بە ئاو سروشت گەشاوە
خوانەخواستە ئاو نەبێ

ژین ژێر و زەبەر ئەبێ
ئەبێ نرخی بزانین
ئەوسا بڵێین پێزانین

٣

ئاوی سارد و شیرینم
سەرچاوەی گەشەی ژینم
ژین ئەبەخشم بەگیاندار
جیهان ئەکەم بەگوڵزار
هەمیشە گەشەو خەندەم

*

کە خونچە و چرۆی نوێ
بەورشە و گەشەی پڕ ناز
ڕوخساریان پێ ئەکەنێ
ژیان ئەبێ بەئاواز
شنە و بۆی لالەزاران
ئەبنە شەوقی نازداران

٤

خونچەو گوڵاڵە و چرۆم
خەندەی سەر کەل و ئاسۆم
گەشە و شادیی ژیانم
هەمیشە خەندەرانم
بەختەوەریی سەرانسەر
ئەبەخشم بەدەشت و دەر



*

بۆ پایەی بژێویمان
ئاسوودەیی ژینمان
دانەوێڵە پێشەنگە
بە ورشەی ژین ئاهەنگە
با خەرمانمان باڵابێ
وڵات ئاڵ و واڵابێ

٥

وەرنە کێڵگەی گەنم و جۆ
سەرنجێ بەن، لەسەرخۆ
من هەبم هەرزانییە
هیچ کەسێ داماو نییە
سەیری لەنجەولارم کەن
خەم و مەراق بەبادەن

*

خەو بەدیدەی زۆر گەشی
ئەڕوانێتە گشت جیهان
بەمژدەی پڕ لە خۆشی
دوورین لە پەژارە و ژان
تاڵە زێڕینەکانی
شادی ئەخەنە ئاسمان

٦

بڕواننە دەشت و کەژان
ئاسۆگەشە و فراوان
وردبنەوە، زۆر جوان،
من ڕۆژم، ناوەندی خۆر
بەگزنگی دیدەی من
سروشت ڕەنگینە و ڕۆشن

*

پیرۆزترین بوونەوەر
توانا و کارامە و سەروەر
مرۆڤی خاوەن ئاوەزە
ورەی دانسقە و بەرزە
هۆگری دایە سروشتە
ئەم ئەشقە پشتاوپشتە

٧

مرۆڤی ئەم سەرزەمینەم
کارامەی ئەم سروشتە
جوان و گەش و ڕەنگینەم
هەردەم لە ئامێزیدام
لەناو دڵ و سۆزیدام
بەکۆششی بێ وچان
ژین ئەکەم بەچراخان



*

دیارە کە هاریکاری
بنچینەی ژینی شادە
بۆیە بەبەختیاری
هەموو دڵێ گوشادە
بۆ بەختەوەریی هەمووان
هەمیشە لە کۆششدان

٨

یەکگرتنی بەهرەکان
بۆ ئامانجی ڕەنگینە
هەموو توانا نەمرەکان
ڕەنجیان جوان و شیرینە
بژی ژینی هاوکاری
دوور لە کسپە و لە خورپە و
ناهەمواری و بێزاری

٢٠٠٠-١١-٥



# نیشتمان

ئاخێوەر:

لە هەموو سەرزەمینا
لە گەردوونی بەرینا
بەتەنیا هەر نیشتمان
دالّدەیە بۆ گشتمان

کۆرس:

جوانترین تابلۆ ولّاتە
ڕۆشنایی و ڕۆژهەلّاتە
مەڵبەندی باپیرانە
لانەی دانا و ژیرانە
چاو لە سەیری تێرنابێ
هیوادارین هەمیشە
ئەم بەهەشتە ئاوابێ



*

هەموو هاوولّاتییان
وەک فریشتەی ئاسمان
بەسۆز و میهرەبانن
مایەی سەربەرزیمانن

١

هەموو دانیشتووانی
کارامە و گەش و پوختی
بەرهەمی فراوانی
ژینگەی پاک و سروشتی
خۆشین و شادمانی
لە خۆشیانا باڵ ئەگرم
بۆ وارگەی بالّا ئەفڕم

*

سەرچاوەی ژیانمانە
ڕووناکیی چاوانمانە
جوانترین سەرچاوەی بەهرە
نیشتمانی نەمرە

٢

سەرانسەری دەگمەنە
تابلۆی جوان و دیمەنە

وەکو هەموو جوانییەک
تیایا سەری هەڵدابێ
گشت سەرچاوە و کانییەک
لێرەدا هەڵقوڵابێ

*

هارەی تاڤگە و کانیاوی
ورشەی دیدەی هەتاوی
هەمیشە گوڵ و گوڵزار
پیت و فەڕن، بێ ئەژمار

٣

نەوای تاڤگە لەسەردا
بانگی شادمانی ئەدا
کێڵگەی سەوز و نیانی
واتەی خۆشی و هەرزانی
خێروبێری بێ سنوور
شادییە بۆ نزیک و دوور

*

کەش و هەوای لەباری
دەشت و کەژ و ڕووباری
چریکەی مەل و هوزاری
بانگەشەن و دیاری



٤

هەوای زۆر سازگاری
چوار وەرزی نەوبەهاری
دیمەنی دڵڕفێنی
ئاوی کەللەتەزێنی
هەمیشە شەنگ و گەشن
تین و وزە ئەبەخشن

*

جوانی هێزی گیانە
نوێبوونەوەی ڕەوانە
پڕ بە پڕی سۆمای چاو
شادییە و عەتر و گوڵاو

٥

تا چاو بڕکا و بڕوانی
هەر جوانییە و جوانی
جریوەی کازیوەی مەنگی
باڵندەی ڕەنگاوڕەنگی
دڵیان لانەی شادییە
مەراق و خەمیان نییە

*

هەرچی کە لەبەرچاوە
جریوەی جوانی و هەتاوە

سەرچاوەی بەختیارییە و
لە ئەفسوون دارێژراوە

٦

باخاتی هەمەجۆری
بەرهەمی چاک و زۆری
سروەی بەرەبەیانی
بانگەوازی ئاسمانی
ژین تازە ئەکەنەوە
چاو زاخاو ئەدەنەوە

*

ژیان لە شار و دێدا
لە چوارچێوەی نوێدا
زۆر خۆش و بێ هاوتایە
پشتاوپشت هەر وەهایە

٧

ژیانی شار و زەبەندی
زۆر دانسقە و دەگمەنن
خەرمان گوڵی گوڵشەنن
گیانم بەکوڵ ئەخوازێ
لەم وڵاتە نەترازێ

*




وڵات بووکی دنیایە
سەرچاوەی ژینی تیایە
کوردستان ئاوەدان بێ
هەر دایەگەورەمان بێ

کۆرس:

چی وەک وڵات نازدارە
کوێ بەوێنەی کوردستان
بەهرە و شیرین هەوارە!
کام دەڤەر و ساباتێ
دوورا و دووریش ئەیگاتێ!
هەر وڵات زێد و لانە
جوانترین دیاریی یەزدانە،
با بژی تاهەتایە
بەکوێرایی دوژمنان
کوردستان هەر ئاوایە
کوردستانمان ئاوایە

٢٥-١-٢٠٠١

## نەبەردین



١

جگەرگۆشەی نەبەردین
ژیرو بە دەست و بردین
سەرانسەر تیشکی ڕۆژی
ئاواتی گەشی کوردین

٢

پەروەردەمان باڵایە
هیوامان بێ هاوتایە
یەکپارچە هەموو بووٮمان
بۆ کوردستان ئاڵایە



٣

خوێندەواری بەکەڵکین
زۆر چالاک و زیرەکین
دوارۆژمان گەش و ڕوونە
ئاواتی هەموو خەڵکین

٤

کوردستانمان لانمانە
گەلی کورد باوانمانە
گەشەی هەموو نیشتمان
بینایی چاوانمانە

٢-١٢-١٩٩٥



## حەز ئەکەم

١

هەموو ساتێ
هەموو کاتێ
هەر ڕۆژێکیش
ئەڵێن دیسان سەری ساڵە
هەموو گیانم
پڕ ئاواتی جوان و ئاڵە

٢

پڕ بەدیدەم
چاوەڕوانی
ژینی ئارام و ئاسوودەم
زۆر حەز ئەکەم
چاک ئامادەم
هەمیشە هەر هەوڵ دەدەم



٣
وەک هەڤاڵ و خوشک و برام
دەستە و نزام
چاوەڕوانی
هەرزانی و ئاشتیی سەراپام
تیشکی ڕاستی شەوق باتەوە
جیهان ئاوا بکاتەوە

٤

بەئاواتم
وەک گزنگی ڕۆژهەڵاتم
هەموو کەسێ دەس لەملان بێ
کوردستانم
خەندەران و ئاوەدان بێ

٥

زۆر پێم خۆشە
یاریی ڕەنگاوڕەنگم هەبێ
کتێب، دەفتەر و قەڵەم و
جانتای زۆر قەشەنگم هەبێ
وەکو مرۆڤ
ماف و ڕەنگ و دەنگم هەبێ

٦

هیوادارم
بابە گیانی زۆر نازدارم
دەستی بەئاشتی باش بگا
بە سەربەستی و کامەرانی
هەر هەموومان بەخێو بکا

٧

لەسەر زەمینی شادا
چاوم بەرایی نادا
سەرکوت و دەمکوت کرێم
بەر فەلاقە و شەق بدرێم
با بەخۆشی و هێمنی
بۆ هەوارگەی ژین ببرێم

٨

چەن خۆش ئەبێ
هەر گەڕەک و هەموو گوندێ
باخچەی یاریگەیان هەبێ
لە پانتایی و هەموو دوندێ
وەک پەپوولە، وەکو مەلان
کۆرپە بەشادمانی بفڕێ
هەتا دەگاتە کەشکەڵان



٩

ئای چەن خۆشە
کە ڕوانگەمان فراوان بێ
دنیاکەمان گوڵباران بێ
بۆچوونی ڕۆژانە و ژینمان
وەک گوڵاڵەی بەهاران بێ!

١٠

حەز ئەکەم هەموو ژیان
هەر ئاواز و نەوابێ
سەراپا هەموو جیهان
بەختەوەر و ئاوابێ
مرۆڤ شاد و یەکسان بێ
گوزەران زۆر ئاسان بێ
ژین خەندە و پێکەنێن بێ
مافی هەمووان بەرین بێ

١١

ئاواتەکان فراوانن
هێندەی هەموو گوڵاڵەی
دەشت و دۆڵ و کێوانن
هەموومان هیوادارین
ئاواتی گەش و شیرین
لە باوەشی ئاشتیدا
لە دەروازەی دڵ بدا

١٢

وەک منالانی سەردەم
مرۆڤ ئاسا ، حەز ئەکەم
جوانترین نیشتمانم هەبێ
بەرگ و پۆشاکی نایاب و
پێلاوی زۆر جوانم هەبێ
بەتەواوی نانم هەبێ
وەکو خەڵک
منیش ناونیشانم هەبێ
ئالای گەشم شەکاوەبێ
کوردستانم گەشاوە بێ

کۆرس:

زۆر حەز ئەکەین
شاد و بێ خەم یاری بکەین
بفڕین، بفڕین
بەناو گەردوون و ئاسمانا
بەناو هەموو ئەستێرانا
پڕ بەگەردوون بچریکێنین
نەخشەی نوێ بنەخشێنین
ئاواتی گەش بەدی بێنین
کوردستانمان خەندەران بێ
ناسکە بووکی گشت جیهان بێ

٢٨-١٢-١٩٩٤





## کۆڕی گوڵان

١

گوڵ و گوڵاڵەی بەهار
بەناز، ناسک و نازدار
لە گەرمیان و کوێستانا
وان لەخۆ پیاهەڵدانا

٢

هەر یەک خۆی لاپەسندە
هەر خۆی پێ جوان و ڕندە
خەریکە ناتەبابن
هەموویان ڕەنج بەبابن

٣

بولبول زۆر نەرم و نیان
ڕووی کردە کۆڕی گوڵان
هەر کامتان بگری تاکە
بەهرەی بێگەرد و پاکە
وەک جگەرگۆشەی خەندان
شادین بۆ بەهرەمەندان

٤

زۆر بەهێوری و بەکورتی
هەنگی نەخشینیش وتی:
کۆڕِ زۆر جوان و ڕازاوە
گوڵزارتان پێک هێناوە
ئێوە هاوڕازی منن
بەهرە و ئاوازی منن

کۆرس:

بەهرەوەرانی شیرین
دەک هەزار جار ئافەرین
هەر خۆشبن بۆ ناوبژی
دادەوەر بەشادی بژی
ئێمەش دەست لەملان ئەبین
گەشەی سەرکەلان ئەبین

٢٥-٤-١٩٩٤





## پەشیمان

١

ڕۆژ بەخەندە و پێکەنین
کەوتۆتە گەشتی شیرین
هەساران خولانەوە
وەرزەکان سووڕانەوە
مانگەکان درەوشانەوە
ڕۆژەکان گەڕانەوە

٢

ساڵ تەواو بوو، سەراپا
کەمتەرخەم هەوڵی نەدا
هەر خەریکی لاساری بوو

٣

ژینی کردە لاقرتێ
تا کەوتە لەقەفڕتێ
ئاوەڵەکانی دەرچوون
هەموو شاد و ڕووسووربوون
ئەمیش هەناسەی سەردی
بوو بەبەردی سەربەردی

کۆرس:

وانەی گرنگی وەرگرت
بەبانگی دڵ ئەمەی وت
ئەوی کەوتن بچێژێ
ئەبێ بۆ ژینی نوێ
نەمامی نوێ بنێژی
ئارەقی زۆر بڕێژێ

٦-٢-١٩٨٧





## پەیامی نەورۆز

١

هەڤاڵان وەرن جەژنە
شادیمان هەزار چەشنە
هەموو سەربەست و ئازاد
ئاسۆمان زۆر ڕۆشنە

٢

دەست و کێو وەکو خۆمان
ڕەنگاوڕەنگ و ڕازەوەن
بۆ نەورۆزی کوردستان
گوڵی نەمر و گەشاوەن

٣

نەورۆز پەیامی بەرزی
زۆر پیرۆز و دێرینە
بۆ نەتەوەی نەبەزی
خاوەن ورە و بەتینە

٤

تاکو دوا چرکەی ڕۆژگار
هەر ئازاد و سەربەستین
بۆ ئامانجی گەشەدار
بەردەوامین، ناوەستین

١٩٩٧-١-٢٧





# هیوای گەش

١

مژدەی نوێیە و، هەموو لایە
هیوای گەشی لە دڵدایە
ڕۆژی نوێ هەنگاو ئەنێ
پەستی تاریکی ڕاو ئەنێ

٢

سۆمای چاوان ئاسۆی ڕوونە
شادیی دڵان پڕ گەردوونە
گوڵزاری ئاڵ بێ سنوورە
دەس لە ملانی ئاسۆی سوورە

٣

مەلی سەرکەل ئەجریوێنێ
هیوای دڵان ئەلاوێنێ
چەپکە گوڵی دڵی کوردان
گەشە وەکو عەرشی یەزدان

کۆرس:

کوردستانمان وەک گوڵشەنێ
هەمیشە بۆ ژینی نوێ
پڕ بەئاوات پێ ئەکەنێ
پێ ئەکەنێ

١٠-١٢-١٩٩٣





## پشووی بەکەڵک

١

هاوڕێکانی ژیانم
پێم خۆشە کە بزانم
چۆن پشوو بەسەرئەبەن
لەم بوارەدا چی ئەکەن؟

٢

مەراقی من وەرزشە
خوێندنەوەیە و کۆششە
زۆر جاریش دائەنیشم
وێنەی ڕەنگین ئەکێشم

٣

له دوکان لەگەڵ باوکم
کار ئەکەم و بێ باکم
ئەچمە ناو کۆڕ و کۆمەڵ
دوارۆژ ئەندامی چاکم

٤

منیش بە هەڵەداوان
ئەچمە ناو کۆڕی لاوان
ئەبم بەهاوڕێی پییشە
شوورەیییە پێم بڵێن
بێکارەیە و بێ ئیشە!

٥

هەرچی ئەرکی ناوماڵە
هەمووی لەسەر من ماڵە
سەرەڕای ئیشی تریش
تا بڵێی سەرم قاڵە

٦

بەڕاستی پاڵەوانن
بەهرەی پەروەردەی جوانن
کات لە لاتان پیرۆزە
پێشەنگی هاوڕێیانن



هەموو:

تەوەزەل و بێ کارە
ئازاری سەر ئازارە
بژی کار و نەسرەوتن
بەرەو لوتکەی پێشکەوتن

١٩٨٧-٦-١٠



## چەپکی ژین

١

کورد و نەورۆز و بەهار
ورشەی دەست لەملانن
دژی نارەوا و زۆردار
گزنگی سەر کەلانن

٢

بەئاواتی دڵخوازان
دەشت و هەرد و کێو ڕازان
تەنگ بەخەم هەڵئەچنن
خۆری نەمری ئەچنن



٣

شەختە و کرێوە و زستان
بوون بەخونچەی پەریستان
نەورۆز گوڵ و زارۆڵان
ساڵ بەساڵ و بۆ دڵان

کۆرس:

چەپگی ژینی نەمرن
توانا و تینمان ڕائەگرن
بەخەندەی ڕۆژی نوێ
گوڵی ئاڵ و گەش ئەڕوێ

٢٠-٣-١٩٩٧



## ڕۆژی نوێ

١

ڕۆژی نوێ هاتە پێشێ
تەمەن ساڵێ هەڵئەکشێ
کۆشش خەرمانەی داوە
گوڵزاری ژین ڕازاوە
تیشکی شادیم لێ دەرکەوت
خۆشترین مژدەم بەرکەوت

٢

لە پێشبڕکێی ژیانا
بە ڕێڕەوی کاروانا



ئەڕۆم، هەنگاوم ناوە
گەشتم لەگەڵ هەتاوە


٣

خێروبێری نیشتمان
لانی پشتاوپشتمان
شیری خاوێنی دایکم
ڕەنجی بێگەردی باوکم
تێکۆشانی مامۆستام
پەروەردەی جوان و باڵام
هەرگیز بەفیڕۆ نادەم
بەخۆمیان حەرام ناکەم!

کۆرس:

ڕۆڵەی ئەم ئاو و گڵەین
دژی تەمەڵ و سپڵەین
کۆرپەی هیوا و ئاواتین
گزنگی ڕۆژهەڵاتین
بینایی هەردوو دیدەین
بۆ لوتکە تەکان دەدەین
گەشتی ژینمان لەبەرە
دواڕۆژمان مسۆگەرە

١-١-١٩٩٠



## پێشەنگی شادی

کۆرس:

تیشکی ڕۆژی نوییە
شادیی هەموانی پێیە
وا کۆڕی پەپوولە و گوڵ
بەهەناوی پڕ لە کوڵ
هاتووینەتە کۆڕی ژین
بۆ ناو بەهەشتی بەرین
سەرانسەری نیشتمان
ئەکەین بە بووکە خەپان

١

من ئاوازی کێوانم
ئاسوودەگیی ڕەوانم



خەندەی گۆنا و لێوانم
ڕەوشت باڵا و جوانم

٢

پەپوولەی خەمڕەوێنم
بێ دەنگ دڵان ئەدوێنم
ڕازم وەک خۆم نەخشینە
ورد بەرەوە و ببینە

٣

من ئاواتی ڕەنگینم
گوڵی بەخت و نگینم
ئەم جیهانە گەشاوە
بەمن جوان و نەخشاوە

٤

منیش کارامەم، هەنگم
بە بەرهەمم قەشەنگم
بچێژن، چەن شیرینە!
شیلەی هەوێنی ژینە

٥

منیش کوڕە جووتیارم
ئاشقی زەویوزارم
منم تۆو دائەچێنم
بژێوی بەدەست دێنم

٦

من شوانی بەرغەلم
نەوای ئاسۆی سەرکەلم
بەرهەمەکەم باڵایە
کەڵکی لە ژمارە نایە

٧

بۆ هەمووان و باوانم
سۆمای هەردوو چاوانم
گزنگ و ورشەی ئاسمان
لەناو دیدەی ڕۆشنمان

٨

کوردستانی نازدارم
گوڵزار و لالەزارم
من کۆرپەی باوەشی تۆم
بۆ تۆ ئەسووتێم وەک مۆم

کۆرس:

ڕۆژی کار و فرمانە
مێژوو چاوی لێمانە
ئەوی پاک و دڵسۆزبێ
جا ڕۆڵەی کوردستانە

١-١٢-١٩٩٣





## گەشتی وەرزەکان

١- زستان

وەرزی بەفر و بارانە
دیمەن ڕەنگین و جوانە
بەم پیت و فەڕە زۆرە
سەرزەمین شادمانە
تەنیا هەر چاوچنۆکان
دەردیان سەخت و گرانە
تانەی چاوی گرانجان
بەفری گەش و بارانە!

٢- بەهار

جیهان گوڵ و گوڵزارە
گەشەی دەشت و کۆسارە

پڕ بەهەست و بینایی
سەرزەمین مێرگوزارە
کانی و کارێز ئەتەقن
دڵ و ناخی چاوچنۆک
ئەتۆقن و ئەلەقن!

٣- هاوین

دڵی هەمووان پڕتینە
وەرزی میوەی زۆر خۆش و
هەمەڕەنگ و شیرینە
بە خەڵە و خەرمانی زۆر
هەموو کەسێ گەشبینە
بەتەنیا هەر چاوچنۆک
زۆر شپرزە و ڕەشبینە

٤- پاییز

خەرمانی باخ و بێستان
وەکو چاومان ئازیزە
بەرهەمی خۆشەویستان
زنجیرەی جوان و ڕیزە
بۆ دڵسۆز و بۆ دۆستان
لەو لاشەوە نەیاران
هەر وەک دێو و درنجن
شپرزە و پەشۆکاون
لە داخا پەست و بەنجن!



کۆرس:

وەرزەکانمان ژیانن
بووکی سروشتی خەندانن
خۆشی و شادیی هەموانن
گەشە و بیناییمانن
هەریەک چێژی خۆی هەیە
ژینیان پێ ڕازاوەیە
شۆک و گەزۆ و هەنگوینن
هەمیشە تینی ژینن

١٩٩٦-٦-٢١



## گەمەی جوان

١

دوای ئەرکی قوتابخانە
ماوەیەکیش تەرخانە
بۆ گەمەی نەرم و نیان
ڕەفتاری بەرز و جوان

٢

یارییەکی دوور لە وەزەند
دوور لە هاوار و گۆبەند
خێرا وەرن، مەردانە
دەرفەتی ناو مەیدانە



٣

با گەمەی جوان هەڵبژێرین
ئافەرینان بژمێرین
بتوانین بڵێین شێرین
یاریش ڕەنجە و تەقەلا
نەکو زرمەی لابەلا!

٤

دەی وەرن بۆ چاوشارکێ
ڕاکردن و کێبەرکێ
بۆ سەبەتە و بۆ باله
بێ ئازار، دەی براله
تینی تۆپێنیش بابێ
مەشق بکات و ڕابێ

کۆرس:

وەرن، یارییەکان زۆرن
وەک گوڵان هەمەجۆرن
با چالاکی بنوێنین
سەرکەوتن بەدەست بێنین

٦-١٢-١٩٨٨



# ڕەنج و دروێنە

١

مژدەبێ، پەلەی داوە
هەموو لایەک پاراوە
وەرزی جووتە و تۆو وەشان
هەرەوەزە و تێکۆشان

٢

کێڵگەمان سەوز و جوانە
سۆما و گەشەی چاوانە
هەتاکو چاو پڕ ئەکا
جوانی جیهان پڕ ئەکا



٣

گوڵەگەنمی وەک ئاڵتوون
وێنەی بریسکەی گەردوون
کەوتە گەشە و پێکەنین
هەرزانییە و شاد ئەژین

٤

ئاهەنگی دروێنەیە
بەرهەمی بێ وێنەیە
بەتوانا و ڕەنجی خۆمان
بووین بەخاوەنی خەرمان

کۆرس:

ئاهەنگ و شایلۆغانە
وڵات پڕ دەغلۆدانە
هەر با بژی هەرزانی
هەموو مرۆڤ بەدوور بێ
لە برسیتی و گرانی

١-٢-١٩٩٦

## دیدەی خۆر



١

ئێمە گوڵ و، گوڵ سروشتین
خەمڕەوێن و خۆشەویستین
تین و توانا ئەخەینە کار
دنیا ئەکەین بە لالەزار

٢

بەدڵ و بەگیان گوڵ ئەڕوێنین
ئاواتی گەش بەدی دێنین
سەرانسەری پیدەشت و شاخان
ئەڕازێنین وەک چراخان



٣

هەموو خونچەی ئاڵی ئاوات
هەموو مایەی ڕەنج و خەبات
تەرخانن بۆ شادی و ئاشتی
بۆ ئازادی و بۆ سەربەستی
بۆ خەندە، بۆ ئاوەدانی
بۆ بەهەشتی کامەرانی

کۆرس:

بەدڵ و بەگیان تێ دەکۆشین
سروەی ئازادی دەنۆشین
ئێمە سازی خۆش ئاوازین
سۆما و هیواین، ئاشتیخوازین
گیان و وزەی ئا ئەم کوردەین
بۆ دیدەی خۆر تەکان دەدەین

١٨-١٢-١٩٩١



## بەرەی شادی، بەرەی ئازار

بەرەی ئازار:

١

من بارووتم، بارووتم
وەک خەڵووز، ڕەش و ڕووتم
ئەمەوێ گەردوون ڕەش بێ
مرۆڤ لە ژین بێ بەش بێ!

٢

بڕوانن، من تفەنگم
بەزەبرم، هەر ئەجەنگم
من مرۆڤ دائەبێژم
هەمیشە خوێن ئەڕێژم!



٤

بم، بم، بومبام، وا هاتم
دژی شار و دێهاتم
وێرانکاری پیشەمە
خولیای ناخ و ڕیشەمە!

٥

دا لاچن، من کیمیاویم
ڕەنگاوڕەنگی ژەهراویم
کە خەو لە هەمووان ئەخەم
هەموو زوو ئەمرن، سەرجەم!

٦

پارەم، بەهێزی پارە
ژین گۆبەند و ئازارە
سەر ئەڵقەی زامەکانم
سەرچاوەی دەرد و ژانم!

هەموویان:

ئێمە دژی ژیانین
باڵای هەموو جیهانین
توانامان لە دەستایە
هەرچی هێز و یاسایە
هیچ دەرەقەتمان نایە
چۆنمان بوێ هەر وایە!

بەرەی شادی:

١

من شنەم دێ، بام، هەوام
هەناسەی لوتکەی هیوام
ژیانبەخشی هەمووانم
بەختەوەریی دەورانم

٢

من سەرچاوەی ژیانم
ئاوم، گیان و ڕەوانم
بێ وەستانم، پەرۆشم
بۆ نەمری تێ دەکۆشم

٣

دایە گەورەم، من خاکم
لانەی ژینی ڕووناکم
خوانم هەر بەردەوامە
جوانترین دیاری و پەیامە

٤

گوڵەگەنمم، گوڵی ژین
پڕ خێروبێری بەرین
من هاوڕازی شنەبام
گەشم و هەر لە گەشەدام



٥

هێمای ئاشتیم، زەیتوونم
خەندەی گۆنای گەردوونم
با ئاشتی سەقامگیر بێ
جیهان شاد و دڵگیر بێ

٦

خۆرم، چاوەی ڕۆشناییم
دیدە گەش و بیناییم
تینم بۆ گشت لایەکە
خەڵاتم یەکاویەکە

٧

خامە و کتێب و دەفتەرین
ڕووناکیی سەرانسەرین
ژین ئەکەین بەچراخان
بەدوور لە دەرد و داخان

هەموویان:

ئێمە شاد و بەختیارین
دژی بەڵا و ئازارین
تۆوی چاکە ئەچێنین
تا هەتایە ئەمێنین
هەر بژی ئاوەدانی
گەردوون بەجارێ دووربێ
لە شەڕ و سەرگەردانی

١٩٩٢-١٢-٢٤



## هیوا و ساڵی نوێ

١

سەری ساڵە و هیوادارین
هەموو جیهان گەشاوە بێ
هەمیشە دەم بەهاوارین
هەموو مرۆڤ حەساوە بێ

٢

نان و خەلە و خەرمان زۆربن
هەموو گەلان شادمان بن
ئازادی بەر تیشکی خۆر بن
هەموو بەجارێ یەکسان بن



٣

لەژێر سایەی دادوەریدا
هەموو سەرزەمین ئارام بێ
لە ئامێزی سەروەریدا
کەسێ نەبێ کە ناکام بێ

٤

کوردستانی شیرینیشمان
وەکو دڵی مرۆڤایەتی
ورشەی بگاتە کەشکەلان
ئاواتی گەشمان بێتە دی

٣٠-١٢-١٩٩٥



## سەبیلی بابە گەورە

«لە ژوورێکدا دووکــەڵ پەنگی خــواردووەتەوە، باپیــرە لەســەر دۆشەکێک دانیشتووە و خەریکی پەساندنەوەی سەبیلەکەتی. لەولاشەوە چەند منداڵێک بەکۆششەوە خەریکن، کەمێکیش ئەکۆکن...»

باپیرە: «بەنەرمەکۆکەیەوە»

ئادەی، نیان

«نیان گورج دەچێتە پاڵ باپیرەوە»

باپیرە گیان

– کۆرپە خەپان

سەبیلۆکەی بابە گەورە داگیرسێنە

«نیان بەسەرسورمانێکەوە دەڕوانێتە سەبیلەکە»

– ئەفەرموویَ چی!



سەبیلی چی!...

نایابترین نایابیش بێ بیسووتێنە!

«باپیرە واقی وڕئەمێنێ...»

– کیژی بابەی

نەکەی، نەکەی!

ئەوە، بۆچی

وا سەرپێچی؟

چۆن لە قسەی من دەرئەچی؟

«نیان بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە ڕێزەوە»

– بابە گەورە

لێم ببوورە

ببوورە لێم

ئەگەر بڵێم

گەر ئەم دنیایە بدرێ پێم

لە دڵم نایە

ئاگر لە گیانت بەربدەم

خۆشمان تووشی ئازار بکەم!

«باپیرە، بەسەر سورمانێکی قووڵترەوە»

– چۆن، چۆن... ڕۆڵە!

ئای لەم باپیرە کلۆڵە!

ئای، ئای کە چەندە ڕەنجەڕۆم!

ڕەنج بەبا خۆم

ڕەنج بەبا خۆم!


«کاردۆش خۆی دەگەیەنێتە بن دەستی بابە گەورە»

- بابە گەورە، بۆ زویری!
بۆ دڵگیری؟!
گەورەم دیارە کە ڕێ نادەی
تووشی کۆکە و دەرمان بکەی!
«باپیرە، دوای هەڵوێستەیەک»
- ڕۆڵە ڕوون و ئاشکرایە
بەڵێ، وایە!
«چرۆش دەچێتە پاڵ بابە گەورەوە»
- باپیرە گیان، جامەردانە
زووکە لەم بەڵایە گەڕێ
حەیفە ئەم ژینە زۆر جوانە
بەدووکەڵ ڕەش ڕەش هەڵگەڕێ!
«باپیرە، سەرێک دێنێ و سەرێک دەبا»
«منداڵەکان، پاش هەڵوێستەیەکی کورت»
- بابە گەورە
جا ببوورە
باسمان لە خۆشی و شادییە و
گەلێ لە سەرپێچی دوورە!
«باپیرە، دوای ڕامانێکی قووڵ، بەزەردەخەنەیەکەوە سەیرێکیان دەکات»
- ڕۆڵە، خێر بێ ئەم کۆمەڵە
هەر ئەڵێی گەلە کۆمەیە!
«منداڵەکان، بەپێکەنینەوە»
- بەڵێ، دژی دووکەڵە
دژی قرخە و کۆکەیە



دژی ناڵین و نرکەیە!...
«باپیرە سەبیلەکەی بەم دیو و بەو دیودا دەدات، پاشان بەزەردەخەنەیەکی نەرمەوە»
- ڕۆڵەکانم
خەندە گەشەکەی باوانم
پەشیمانم، پەشیمانم!
داخ بۆ تەمەنێ سووتانم!
بەمەبەستتان چاک دەزانم
فەرموون بینایی چاوانم:
ئەمە سەبیل، ئەوەش تووتن
بانەمێنن، سەرنگوون بن
ئەنجام وابێ
دۆستایەتی وا با نەبێ
ژینی مرۆڤ پێی بتەپێ!
با پیاو دۆستی وا نەناسێ
کە هەناوی پێ بتاسێ!
«منداڵەکان بەچەپڵەڕێزانەوە بەدەوری باپیرەدا هەڵدەپەڕن»
- بابەگەورەی بەدوکەڵ کاس
گەلێک سوپاس
گوێڕایەڵ بووی بۆ دەنگی ڕاس
گەلێک سوپاس... گەلێک سوپاس.

٢٦-١١-١٩٨٦



# له خۆبایی

١

یەکێک لە خۆبایی بوو
چاوی لە پۆشایی بوو
هەمیشە ئەمەی ئەجوو:
کوا زەمین جێی ژیانە
جێگەم سەر کەشکەلانە!

٢

تا توانی بای کردە خۆی
گەردەلوول هەڵی کرد بۆی
لەماوەی چاو لێکنانا
ڕای ڕفان بەئاسمانا



بەرزی کردەوە، بەرز بەرز
جەستەی کەوتە لەرزە لەرز

٣

پەیکوڵێ بەدەم باوە
بەگوڕ بۆی هات لەلاوە
دای لەبەر میزەڵانی
بەفیز ئەوەندەی زانی
فشبۆتەوە و لە ناکاو
شڵپەی هات، کەوتە زەلکاو!

کۆرس:

دەردی لەخۆبایی بوون
مرۆڤ ئەخاتە تووناوتوون،
بەم دەردە بە هەزاران
دەربەدەرن، سەرنگوون،
مرۆڤی دڵسۆز و سادە
زۆر بەختەوەر و شادە
ڕێبازی لێ تێک ناچێ
بۆ ئامانجی گەش ئەچێ

٣-١٢-١٩٨٣



## پاداشتی منداڵی زیرەک

«منداڵێک بۆ کارتەکەی چووە بۆ قوتابخانە، لەکاتی خۆیدا دەگەڕێتەوە و خۆی دەکات بەماڵا...»

- بابە گیان، دایە گیان

بابە:

چاوی بابە

دایە:

گیانی دایە، خونچەی ژیان!

«منداڵەکە بەخۆشی و هەڵپەڕینەوە کارتەکەی بەرز دەکاتەوە.»

- دەرچووم!... دەرچووم...

بابە:

هەر بژی ڕۆڵەی سەرکەوتووم!

دایە:

ئۆخەی!... حەسامەوە، شادبووم!



«خوشک و برا، بە چەپڵەڕێزانەوە...»

- ڕۆژ لەسەر ڕۆژ

ڕۆژی ڕۆشن

منداڵەکە:

گەلێ سوپاس چاوانی من

بابە:

جا پاداشت و خۆش مزگێنی!

منداڵ:

خەندەی ئێوەی

شیرینی پڕ لە شیرینی!

دایە:

ڕۆڵە بۆچی ڕائەمێنی!

بڵێ... خواستی دڵت چییە؟

منداڵ:

بژین، لە هیچم کەم نییە!

بابە:

- ڕۆڵە، نابێ،

شتێک بڵێ!

دایە:

لە تۆ خواست و ئێمەش بەڵێ

منداڵ:

لە قوتابخانە

ڕابەری پەروەردە و زانین

تێی گەیاندن

فێری کردین

چ شتێ بەنرخ و جوانە!

«هەموو دەڕواننە یەکتر، پاشان سەیرێکی منداڵەکە دەکەن...»

دایە و بابە:

ئادەی گیانە!

منداڵ:

کارتیکی پڕ لە ئافەرین

گەلێ ڕازاوە و جوانترە

لە جیهانی جوان و بەرین!...

«خۆشکە بچکۆلەش دەچێتە لایەوە...»

قەڵەمێکی خەتخۆش و ڕەش

دەفتەرێکی بەختی سپی

وەکو خەندەی کازیوەی گەش!...

«کاکێشیان دەچێتە ڕیزەوە...»

کتێبێکی جوان و ڕەنگین

پڕ لە گەشتی گوڵزاری ژین

لەگەڵ گەشەی ئێوەی سەنگین

منالەکان، پێکەوە:

نایابترین دیارین

خۆشی و شادی و بەختیارین!

«هەموویان بەجارێ، لەگەڵ خەندەی دەروونداا لە چەپڵە دەدەن...»

دایە:

ئۆخەی، خەرمانمان بالآیە!



بابە:

لە توێی گزنگی ئالآیە!

هەموو منداڵەکان:

ئێمەین بەرهەمی پەروەردەی نوێ

گوڵ خونچەی شادی

لەناو دەروونی ڕوونمانا ئەڕوێ

جریوەی ئازادی

لە تیشکی دیدەی گەشمانا هەڵدێ

ڕەوانی پاکمان بۆ لوتکە ئەفڕێ

تەم و ناسۆریی بەر ئاسۆ ئەسڕێ!

«دایە و بابە دیاری و خەڵاتی خنجیلانە پێشکەش بە کوڕە بچکۆل دەکەن و ئەملاو ئەولای هەموو منداڵەکان ماچ دەکەن...»

ڕۆڵە ئەمەش دیارییە

پاداشتی هوشیارییە

بۆ ژینی پڕ شادیتان

دریغیمان نییە لێتان،

ئای چەندە بەختەوەرین

خاوەنی بەهرەوەرین


تاکو کۆتایی دەوران

گیانمان ئەکەینە دیاری

بۆ کۆرپەلە نازداران

بۆ هەمیشە بەهاران

٢٠-٤-١٩٨٥



# کارەساتی هەڵەبجە

دەنگێک:

من هەڵەبجەم، هەڵەبجەم
لە کۆڕی شەیدایانا
دانسقە و هەڵبژاردەم
منم داستانی سەردەم
من هەڵەبجەم
شاری گوڵزار و هۆنراوەم
شاری سروشتی ڕازاوەم
گوڵی سنگی شارەزوورم
بووکی هەمیشە ڕووسوورم،
من پێناسەی نوێی ئێوەم
خۆرەتاوی ژینی نوێم



بۆ شادیتان هەر بەرێوەم
من هەمیشە هەر بێدارم
جەرگ سووتاوی
جگەرگۆشە و کەسوکارم
بەرە جەژنانی نەورۆزی
هەشتا و هەشت بوو
وەرزی سەیران و گوڵ گەشت بوو:

١

وەرنە دەرێ، مناڵان
مژدەتان لێ بێ، باران
پشووی داوە و ئاسمان
سایەقە و خۆرەتاوە
هەموو جیهان گەشاوە
هەرچی کووچە و کۆڵانە
وەکو خونچەی دڵانە

٢

بەم زووانە سەیرانە
گەشتی کانیی ئاشقانە
گوڵان و عەبابەیلێ
چاوەڕوانن، خەیلێ
هەموو یارانی پەرۆش
بکشێن بۆ سەیرانی خۆش

٣

باخی میر، ئەحمەد ئاوا
وا باڵ ئەگرن لە تاوا
چاوەڕێن کە نازداران
بچن بۆ گەشت و سەیران
دیدار تازە بێتەوە
خەمیان بڕەوێتەوە

٤

هەموو لوتکەی سەرکەشان
لەناو بەهەشتی گەشان
هاودەمی گوڵزارانن
چاوەڕوانی یارانن،
چەپکەگوڵی ئامادەن
شاباشی تاجی سەری
ئەم کۆڕە گەش و شادەن

٥

هەموو کاتێک و هەردەم
بەجارێ هەروا سەرجەم
ئامادەین، دەست لەناو دەست
وەک نێرگزی دیدەمەست
ببینە گوڵی سەری
شارەزووری سەروەری



٦

پێکەوە، هەموو تێکڕا
هەڤاڵ و خوشک و برا
کەسوکار، دایە و باوە
زوو ئەڕژێینە ئەو ناوە
نەورۆز جەژنی دێرینە
گەورە ئاهەنگی ژینە

٧

بەگیانی گەشبینەوە
بەچریکەی شیرینەوە
وەکو لوتکەی خۆڕاگر
سروودی کوردی نەمر
هەمیشە هەر ئەچڕین
ڕۆڵەی گوڵاڵە و گڕین

٨

بەرگی نوێم بۆ کراوە
بووکە شووشەی نەخشین و
جانتام بۆ دانراوە،
هەر هەموویان جەژنانەن
بۆ ئەم نەورۆزە جوانەن

٩

ئەمشەو خەوێکی خۆشم دی
پەریی بەختەوەری و شادی
ناسک بەگوێما چرپانی:
هەستە بابڕۆین، تۆ میوانی
لە بەهەشتی فراوانا
هەر یاری بکە لەگەڵ هەموو
فریشتەی بارەگای یەزدانا

١٠

خۆزگەمان پێت
یاخوا ئەم خەوەت بەدی بێت
بەخوا ئەبێ ئێمەش بەری
بۆ بەهەشتی شادی و نەمری
بۆ گوڵزاری پڕ لە پەری
لەوێ شاد و دەست لەملان
ئەبین بەهاودەمی گیانیی
هەموو فریشتەی ئاسمان!

١١

بەڵێ، هەموو پێکەوە
جوان، جوان ئەتریقێینەوە
بەشادی و بەنەمری
لەوێ ئەمێنینەوە



بەهەشتە و تاهەتایە
خەم و خەفەت کۆتایە...

هەموو:

درەنگە، با بڕۆینەوە
سبەینێ بەخۆشی و شادی
یەکتر ئەبینینەوە
یاری و گەمەی خۆش ئەکەین
بەختەوەری نۆش ئەکەین

گرمە و ناڵە:


ئەم دەنگە زۆر سامناکە
نە بوومەلەرزە و دێوە
نە بورکانی ترسناکە!
ئەهریمەن ئەلووڕێنێ
قوربانیی گەورەی ئەوێ
ژەهر و مەرگ ئەڕژێنێ؛
ڕۆژی حەشر هەستاوە
هەڵەبجە تاقیگەیە و
بەر کیمیایی دراوە،
کۆتری سپی ئاشتییە و
پەلوپۆی سووتێنراوە
فریشتەی نازی هەڵەبجە
لەبەر چاوی گشت جیهان
زیندەبەچاڵ کراوە!
شینی باوانە، هاوارە

ناتەی جەرگی بریندارە
دیمەن سەخت و ناهەموارە
هەڵەبجەمان
گیرۆدەی داوی ستەم و
کیمیاوی و گورزی زۆردارە
ئاسمان ئەگری
فریشتەی بارەگای خوا ئەگری
گەرمیان ئەگری
کوێستان ئەگری
مافی ڕاست و ڕەوا ئەگری
وا سەرانسەری مرۆڤایەتی
بۆ هەڵەبجەی
برژاو و بێ نەوا ئەگری!
هەی ڕۆ ڕۆیە
ناڵەی هەناوی ئاسۆیە
گەورەکۆستی باوانمانە و
هەڵەبجەمان زامی ناخ و
کسپەی ڕۆژگاری پڕ سۆیە!
وەی ڕۆ ڕۆیە
ڕۆڵە ڕۆیە
تا دنیایە
بۆ هەڵەبجەی زۆر جوانمان
ڕۆیە، ڕۆیە، ڕۆڵە ڕۆیە!
دەنگی ژیانەوە:



من هەڵەبجەم
بەهەزاران
شەهیدی گەش و چاوگەشم
بەکوڵ گرتوونە باوەشم
من داستانی سەردەمانم
من هەڵگری
هەموو پەژارە و خەمانم
من هەڵەبجەم
دەنگی هەمووتانم، سەرجەم
من نەمرم
تا هەتایە، تا ڕۆژگارە
هەر هەمووتان
لە باوەشی گەشم ئەگرم
من هەڵەبجەم
هەمیشە هەم
من هەڵەبجەم

١٩٩٦-٣-٤



# خەونە ڕەنگاڵەییەکان

ئاخێوەر:

من لە سۆزی
دایە و بابە دابڕاوم
لە وڵاتی خۆما بێ لان و
لانەواز و دەرکراوم
گشت ئەزانن
بێ دەرەتان و بێ ناوم!

١

من تامەزرۆی
باوەشی نازی دایکمم
سەرگەردانی
وشەی پڕ سۆزی باوکم



من زامی قووڵ و زۆر بەسۆی
هەناو و جەرگی خاکم،
لە زێدی خۆما ئاوارەم
نازانم تاکەی بێ بەش و
پەڕەوازە و دەربەدەر و
هەر لانەواز و پەتیارەم!

*

دەردی برسێتی و هەژاری
ڕای ڕفانم بۆ ئیشکردن
ئیشی چی! هەر ناهەمواری
هەناسەی سارد بەسەربردن!
بەهارم لێ کرا بەخەزان
نائومێدی ناخمی تەزان!

٢

لەپێناو پاروێ نانا
وازم لە خوێندن هێنا ،
بەسینییەک حەڵواوە
بەپێڵاوی لەتلەت و
بەرگی هەلاهەلاوە
لە شەقام و لە کۆڵانا
خەو بەخوێندنەوە ئەبینم
ئاواتی خۆش و شیرینم

دەڕژێ بەسەر شێوەی شڕما
بەسەر سیمای سڕ و وڕما
بەباران و تۆفی زستان
بەشەرا و قرچەی هاوینان
بەدەم دالّغە و وڕێنەوە
خەونەکانم ئەتوێنەوە
بەسەر سینیی حەلّواکەما
خوایە هەر تۆی پەنا و هانا
تین و وزەم تێدا نەما!

*

کوردستانە بەرینەکەم
گوندە جوان و شیرینەکەم
بەهێرشی دڕندانە
هەموو لایەکمان وێرانە
ڕووم لە تۆیە، دنیای بەرین
هاوار و داد بۆ کێ بەرین!

٣

بەر لەوەی بخرێمە لانکەم
گوندەکەم وێران کراوە
کوردستانە زۆر جوانەکەم
ئاگرە سوورەی تێ بەردراوە
کێ بۆم ئاوەدان کاتەوە



کێ ئاوڕم لێ باتەوە!
کێ دێ، کێ بێ،
کێ گوێ لە هاوارم ئەگرێ!
بۆ کوێ بڕۆم، بۆ کوێ هەلّێم
ڕوو لە کامە دادگە بنێم!
بەکێ بلّێم، بەکێ بلّێم؟

*

هەر چوار وەرزە
بەیانییان زوو، نالّەم بەرزە
لەگەلّ سروەی بەربەیانا
لەگەلّ نالّەی بێ خەوانا
کووچە کووچە هاوارمە
کۆلّی سەموون سەربارمە!

٤

بەیانیان زوو
تاریک و ڕوون
باوەشی خەو بەجێ دێلّم
بە ئاوازی «گەرمە سەموون»
بەدوای چەن پوولێکا وێلّم
لە خەوی شیرین بێ بەریم
من زەردەی دەرد و ئازار و
دەردەسەری و دەربەدەریم!

*

بەیانی زوو، تا دەرنگانێ
لە کۆششام بۆ چەند نانێ
بۆ چەند پوولێ، بۆ شتی تر
بۆ ژینێکی باش و خۆشتر
بە بۆچوونی تازە و کۆنە
نازانم دوارۆژم چۆنە!

٥

لەتەک ڕۆژهەڵاتنا
بە شیعر و پیا وتنا
تا ئێوارە
بە ئاوازی
جوان و سازی
چلوورە، چلوورە
سەرقاوەیی و لاسوورە
چلوورەی سەوز و سوور و ئاڵ
بۆ گەورە و ورد و مناڵ
پاقلەیە و گوڵەبەڕۆژە
کووچە و کوڵان ئەگەڕێم و
گیانم شەتەک، سەرم گێژە
بەڵام بەداخەوە کەمن
لە یاری و گەمە بێ بەشم
سەد مەخابن، سەد مەخابن!



*

گەلێ دەستکورت و هەژارم
وا خەریکی ئیشوکارم
من ناتوانم
وەکو هەموو هاوڕێکانم
لە قوتابخانەدا بخوێنم
بەهرە و زیرەکیم بنوێنم!

٦

نیوێکم لە قوتابخانە و
نیوێکم لە بازاڕە
چۆن بتوانم یەکیان بخەم
بەرپرسیاران، هاوارە!
بۆ کوێ بچم، کێ بدوێنم
چۆن پارویّ نان بەدەست بێنم!
چۆن بتوانم بخوێنم و کاریش بکەم
بەبرسێتی و ڕووت و قووتی
توانا و ئاوەزی خۆم دەرخەم؟

*

ئیش کردن سەربلّندییە
مایەی شادی و هۆشمەندییە
دلّنیابن
عارەبانەی خۆڵ ڕشتنەکەم

ناگۆڕمەوە
بەفشە و کەشخە و فیزی سەردەم!

٧

بەیانی تا ڕۆژئاوا بوون
بەگیانی تێکشکاو، زەبوون
بۆ خۆلڕشتن
هەموو ماڵەکان ئەگەڕێم
وەکو سەگی گەڕوگلاو
سەرنج ئەدرێم
جار بەجارێ
هەر باشیشە بەئاستەمێ
سۆزێ بەسەرما ئەبارێ!

*

لە هەر شوێنێ
گەر کێشەیەک خۆی بنوێنێ
دەوڵەتانێ، زۆر بەتوندی
بەرانبەری دژ ئەوەستن
لە ڕوویا بەربەست ئەبەستن
کەچی لەوەتی دنیایە
کوردستانم پێشێل ئەکرێ و
هیچ کەس دەنگی لێوە نایە!



٨

سەردەمانێ، ڕۆژگاری زوو
چەندان سەدەی ناو توێی مێژوو
پۆستاڵی پیس و ناهەموار
وڵاتە نازدارەکەمیان
کردە مۆڵگە و شڕە دەوار،
سەرزەمینی ئەوسا، هەموو
لەم ڕۆژەشا دنیای زیندوو
هیچ نقەیان لێوە نەهات
نەیانگوت بۆ
وەچەی هەموو فاشستەکان
قەڵاچۆی ئەم کوردە دەکات؟
هەروەکو بەرزەکی بانان
دڕندەکان سەرفرازبوون
لە جیاتی دۆزەخی سزا
ئامبازی باوەشی نازبوون!

*

من هەموو بوونم زەبوونە
زەردەی پلاری
دەوران دەورانی گەردوونە
لەوەتی هەم هەر کار ئەکەم
بێ بەشم لە چێژی ژینی
مناڵانی جیهانەکەم!

٩

بۆ پەیداکردنی نانێ
هەزار ئاگری دۆزەخ ئاسا
بەسەر هەموو بوون و هەستما
دائەبارێ؛
من زۆربەی کات هەر کار ئەکەم
لە چێژی جیهانی منالّ
گەلێ دوورم
بەهەناوی پڕ نالّە نالّ
خوار و ژوورم
کە زارولّەی خوا پێداوان
ئەبینم، خۆزگە ئەخوازم
شادبوومایە وەکو ئەوان

*

هاندەر نییە، چۆن چۆن دەرچم
زۆر بەساردی و نابەدلّی
بەرەو قوتابخانە ئەچم
چەندان وەچەی پوخت و خاوێن
خاوەن بڕوانامەی بالّای
بێکار و ڕەنجەڕۆ و بێ جێن
دەستە وەستان، هەر لە مالّان!



١٠

خوشک و برا گەورەکەم
هەردووکیان دەرچووی زانکۆن
بۆ کار و بۆ بژێوی
تا ئێستاش دێن و دەڕۆن
شوێن نەماوە
دە جار سەری پیانەکەن
هەرچەندە هەولّ دەدەن
هەروا ڕەنجیان بەربادە
بەڕاستی بۆیە منیش
لە خوێندن دلّم ساردە!

*

وەک خولخلۆکە
سووڕانەوەم وەرسووڕاوە
شل و شێوالّ، وەکو لۆکە
هەموو گیانم داهێزراوە
هاوارم هەر جگەرەیە
چی بکەم، بژێوم ئەمەیە!

١١

مایە پووچم، جگەرە فرۆشم
هەر بەوێنەی تەمی چیاکان
خەمی خەست و چڕ ئەنوشم

سنووقی جگەرە
بەسنگمەوە و لە ملمایە
سوورانەوەم دوایی نایە
بەداخی قووڵی جگەرە
تێوە گلاوم
بەڵای گەورە و
شێرپەنجەی ناخ و جگەرە

*

شاگرد هەردەم ژێر چەپۆکە
ئەبزوێ، وەک فرفرۆکە
ئامێر ئاسا هەڵئەسوورێ
تاهێز و تینی لێ ئەبڕێ
هەر لە ژێر باری ئەرکایە
ناڵە و کرووزە لە دڵیایە!

١٢

بەدرێژایی ئەم ڕۆژگارە
بەیانی زوو، تا ئێوارە
لە شوێنی کارا شاگردم
لەژێر ئەرکا ئەستۆ وردم
جنێو و بۆڵە و، داری وەستاش:
هەر بەوێنەی دانی بەرداش



هەموو بوونم ورد ئەهاڕن
نەشتەر ئاسا هەستم ئەبڕن!

*

بۆیاخچییە و سنووق بەکۆڵ
کەم دەرامەت، لات و کلۆڵ
بێکارە، چی بکا، ناچارە
شان بداتە بەر ئەم کارە،
هەمیشە ماندوو و شەکەتە
بە جارێ گیانی لەتلەتە!

١٣

ئەتانەوێ بزانن چیم
چاوم لە پێڵاوی خەڵکە
من بۆیاخچیم...
بە چلەی هاوین، شەختەی زستان
سەر تا دامان
هەموو گیانم ڕەش، بۆیاخە
دەستکەوتیشم
هەناسەی سارد، ئاخ و داخە!

*

عەلاگە فرۆشیش بەدبەختە
ژینی ناهەموار و سەختە
منالێکی بێ هێز و تین

بێ بەش لە سۆزی سەرزەمین
هەموو گیانی وا گوشراوە
ئەڵێی چۆڕی تیا نەماوە!

١٤

ئای، کە ماندووم
تینم نەما،
پرزە لێبڕاو، برسی و تینووم
بەناو بازار و شەقاما
بەباوەشێ عەلاگەوە
ئەخولێمەوە
بەدەم ڕۆیین و ڕێگەوە
بەدەنگی بەرز هاوارمە
بۆ چەند پوولێ
هەر ناڵەی پڕ ئازارمە!

*

ئای لەو باوکەی چاوچنۆکە
بەشەو و ڕۆژ وەک جنۆکە
بۆ پارە هەر لە گەڕدایە
دەردی پارەی لە گەڵدایە
مناڵی هەر بۆ پارە ئەوێ
هەرگیز بێ پارە ناسرەوێ!



١٥

ئای، باوکم چەند تەماعکارە!
لەبەردەم دوکانەکەیدا
مێزێکی گەورە دیارە
شتی زۆری لێ داناوە
بەیانی زوو، تا ئێوارە
بەدیارمەوە ڕاوەستاوە
وا ئارامی لێ بڕاوە
بۆ پارەیە، تەنیا پارە
ئەبێ پارە پەیدا بکەم
دووربم لە جیهانی مناڵ و
زانست و خوێندنی سەردەم!

*

بە بێ گومان، دیارە خۆڵگە
هەر لانەی مار و مێرووە
جێی گەوزانی پشیلە و سەگە
کەی شوێنی ئیشوکار بووە؟
زۆر کەسەرە مناڵی گەڕوێ
بۆ بژێوی پیا بگەڕێ!

١٦

نان وا لە گەرووی شێردایە
هەرچی خۆڵگە و سەرەنوێلکە

گیانی منیان پێ ئاشنایە،
لێرە ڕائەکەم بۆ ئەوێ
بەڵکو شتێکم بەرکەوێ،
کاتێ ئەزانم سەراپا
هەموو سەر و سەکوتم پیسە و
کەسی خۆیشم لێم ڕائەکا!

*

مناڵ گوڵخونچەی خێزانە،
کە هاتەوە لە قوتابخانە
ئەبێ ڕابێ
خەریکی دەور و وانەبێ،
گەر بخرێتە بەر کاسبی
بەتەمای خوێندنی نەبی!

١٧

هەر کە ئەگەمە بەر دەرگا
کەرەبۆر بەکورتانەوە
بەگەرمی پێشوازیم ئەکا،
جانتاکەم ئەخەمە لاوە
زوو سوار ئەبم بۆ وردەنان،
هەر چوار وەرزە، چنگ لەسەر شان
هەموو کووچە و کۆڵانی شار



ئەپێچمەوە
بۆ دینارێ، بۆ دوو دینار!

*

هێرشە پیسەی پەتای پارە
مێردەزمەی ستەمکارە،
باوکم ئەیگوت: جاران پیاو
دووربوو لە چاوچنۆکی و چڵکاو
حەیفێ!... وا دەوران چەرخاوە
بە پارە پیاویش گۆڕاوە!

١٨

دەمێکە لەم وڵاتەدا
هەرەسی پارەپەرستی
هێرش دێنێ،
وەک هار پەلامار ئەدا
بۆ تەنیا دەستەسڕێ
قەیسەرییەک ئەسووتێنرێ
جاران نرخ بۆ مرۆڤ بوو
ئەمڕۆ پێوانەی پیاوانە
وەکو سەردەم ئاوەژووە
پارە کرایە دروشمی ژیان
بۆیە حاڵمان جوانە و جوان!

*

دەنگ وا بڵاوبوو سەرجەم UN
چاک بەهانای ئێمەوە دێن،
هەموو کێشەکان چار ئەکەن
هەموو دڵان بەختیار ئەکەن!
چەندان ساڵە هەر دەسخەڕۆین
هەر داماوی پێدەشت و کۆین!

١٩

هەموو هەناومان ئاگرە
سەگەکەی بەردەمی UN
لە ئێمە بەختەوەرترە!
ئێمەی بێلان، بێ دەرەتان
پێشەنگی گشت لانەوازان
کراوین بە سواڵکەری هەموو
بنکە و مەڵبەندی خێرخوازان،
کام خێرخوازان؟
مەڵێن کفرە،
مەژی و مەمرە
تا پاروویەکمان پێ ئەدرێ
ها، نزیکە گیانمان دەرچێ،
کوا بەم چەشنە
چارەسەری دەردمان ئەکرێ؟

*



کوردستانمان
لەبەر چاوی هەموو جیهان
خەونی هەزار و یەک شەوبوو،
بەداخەوە
ئەم بەهەشتە فراوانە
کەمێک تێک چوو...
بێ گومانین زیاد لە جاران
ئەگەینەوە دۆخی خۆمان!

٢٠

نانمان هەبوو، بەرگمان هەبوو
کراین بەداماوی هەموو
کووچە و چەپەکی ناحەزان،
هێشتا هەموو جەردە و دزان
ڕێم لێ ئەگرن،
لە هیچ شوێنێ ڕێ نادرێ
ئارام بگرم،
من نامۆم و
هیچ پێناسەم پێ نادرێ
بێ لان و جێم
ڕوو لە هەرچی لایەک ئەنێم
هەر دەر ئەکرێم و، دەر ئەکرێم!

*

هیچ کەس نەڵێ
داخوازیمان بێ ڕادەیە،
زۆر دڵنیاین
تا بڵێی ئاسان و سادەیە:
دوور لە فێڵ و بگرە و بەردە
ئەم کوردستانە شیرینە
نیشتمانی گەلی کوردە!

٢١

گەر گوێ گرتنێکم بەرکەوێ
هەموو دەزانن چیم ئەوێ،
لانەیەکی زۆر ئارام و نیانم ئەوێ
خاکی خۆم و ئاووهەوا و
ئەستێرە و ئاسمانم ئەوێ
پێداویستی خوێندنی نوێ و
واتای ڕاستی ژیانم ئەوێ،
ئەمەوێ بێ دەربەست بژیم
وەک مرۆڤی سەربەست بژیم،
پێم خۆشە، کە بزانم هەم
وەکو خەڵک
خاوەن شوێن و پەنا و جێگەم!

*

ئەگەر خۆمان هەموو یەک بین



چاک دووربین و ڕێکوپێک بین
سەرانسەر دۆست و تەبابین
نموونەی خوشک و برابین
یەکسەر ڕیزی ئەم جیهانە
بۆ کوردستان چراخانە!

٢٢

چارەسەری
ڕاست و بنەبڕمان ئەوێ
ئەمانەوێ کورد یەکگرێ
هەر بە یەکبوون و یەکگرتن
سەراپا بوونمان ئەسرەوێ،
با ڕەنجی چەند هەزار ساڵمان
بە با نەدرێ
گوڵزاری ئاڵ و واڵمان
پێپەست نەکرێ،
با یەکپارچە، بەدڵ و بەگیان
کورد یەکگرێ
کورد یەکگرێ،
باخی ڕەنجی مرۆڤایەتی
نەژاکێنرێ و
بەئاواتی دڵ بەر بگرێ!

١٩٩٦-٨-٣



## یادەوەریی دژوار

کۆمەڵێک مێردمناڵ:

دیسان کوڕی خۆمانە
لادانی پەترۆی هەموو
زامی کۆنە و نوێمانە
با دەردی دڵ هەڵڕێژین
کەمێک بارمان سووک بێ و
مەراقێکیش بکوژین،
وەرنەوە، هاودەردەکان
سەرانسەر هەناو ڕەش و
خەمبارە ڕەنگ زەردەکان،
وەرنەوە،
کۆ ببنەوە



وتەی شاعیری گەورە و
داناکەی بێسارانە:
گەر خەمباران یەککەون
دەردەیان سووک و ئاسانە

١

کە زمانم بەربوو
شادیی هەمووان بوو
نزا و سوپاس بۆ
بارگەی یەزدان بوو،
کە ویستم ڕازی دڵ بدرکێنم
سەرکوتیان کردم
ڕێم نەدرا بدوێم
گوایە هێشتاکە منداڵ و وردم!
لەناخما دامام:
«هۆی ئەمە چی بێ؟»
نازانم بۆچی
وا ئازاردرام؟

٢

سەردەمێ کە بچووک بووم
بۆ هەرلایەک کە ئەچووم
بە هەزاران لاساری،
چەندان هەڵسوکەوتی

دزێو، پڕ شەرمەزاری،
لەبەر چاوم، ئاشکرا
ئەکران و بەهیچ جۆرێ
شەرمم لێ نەئەکرا
نرخم بۆ دا نەئەنرا...!
پێیان وابوو منالێکی
بێ ئاوەز و نەزانم
ئەو گەمژانە چووزانن
تۆماری چەوتییەکانم!

٣

ڕۆژێکیان لەناو پاسا
تەزێنرام، هەستم تاسا،
لەو کاتەدا دانیشتم
بۆرە زەلامێکی مۆن
لەپڕ هاتە تەنیشتم،
وتی بچکۆل ئا هەستە
تۆ بە پێوە بوەستە
تاکو گەورە وەستابێ
بچووک جێگەی هەر نابێ!
ئای لە ڕێزمی دابەزان
بەجارێ دڵمی تەزان!



٤

منیش ڕۆژێکیان، بە غار
باوکم ناردمی بۆ بازار
بۆ ئەوەی کە شت بکڕم
گوایە ئازام و کوڕم!...
ئەوەندەی کە بزانم
خراپ خەڵەتانیانم!...
کەوتیشمە بەر پلاری
دایک و باوک و براکانم،
ئەم زامە لە ناخمایە
تا کۆتایی ژیانم!

٥

منیش لەبیرم ناچێ
شەوێکیان بەزۆرەملێ
بەر لە کات خرامە ناو جێ!
وتیان درەنگە بنوو
کەللەزلی بێ پشوو!...
سەرە بچکۆلانەکەم
لە ڕادە بەدەر سڕما
بەجارێ واقم وڕما!
کە بۆ سبەینێ هەستام
لە ناخەوە حەپەسام:
کونجێکی بچکۆلەی ماڵ

پڕ بوو لە توێکڵ و ناوکی
هەرمێ و سێو و پرتەقاڵ!

٦

بێ لادان و زیاد و کەم
گوێ بگرن بۆتان باس کەم
کە چۆن دەستم بڕاوە،
درۆم لەگەڵ کراوە...
چەندان جار پێم وتراوە
ئەگەر بێت و بە گورجی
ئەو ئیشە ڕاپەڕێنی،
ئەگەر بەباشی دەرچی
یاری و دیاری و هەرچی
داوا بکەی، بەسەرچاو
نازداری گیان و هەناو!
نە ئەوساکە و نە ئێستاش
پەیمانێک نەهاتە دی،
هەمووی درۆ بوو، درۆی بەلاش!

٧

کاتێ میوانمان بوایە
بۆن و بەرامەی مەنجەڵ
ئەگەیشتە هەموو لایە،
کە سفرەشمان ڕادەخرا



هەرچی مناڵە دەردەکرا،
لە کونجێکی ناو ماڵا
هەموو دڵمان دەگوشرا!
جا دوایی لە بەرماوە
چێشت و ئێسکی کرێنراوە
تێکەڵ بەهەناسەی سارد
ئێمەش نانێکمان ئەخوارد!

٨

مناڵ حەپوولکی نەئەدرا
هەرچی ئەوت، هەرچی ئەکرد
لەبەرچاو و بەئاشکرا
هەزار سەرزەنشت ئەکرا،
ئای کە پلاری تێ ئەگیرا!
سەردەمی منداڵیمان وەک
دەوری بەرد بوو
هەتا بڵێی زۆر دژوار و
گەلێ بەد بوو،
باوک سەراپا هەر سام بوو
مناڵ داماو و ناکام بوو
لانەواز و بێ ئارام بوو،
بوون و نەبوونی وەک یەک بوو
بارودۆخی زۆر شەتەک بوو

٩

چاک لە بیرمە، جارێکیان
لەناو پۆلا چەند کەسێ
بەچرپە چرپێ ئەدوان،
مامۆستا خراپ هەڵچوو
لە سروشتی خۆی دەرچوو!
ڕقەکەی لە من ئالآن،
وەکو بووکی مناڵان
پەلی گرتم، هەر بە پاڵ
توند فڕێی دامە دەرێ!
وەختە بوو دڵ شەق بەرێ!
بەناڕەوا، لەوانە
بێبەش کرام، بەم یادەش
هەردەم دەردم گرانە!

١٠

ئەوەندەی تووکی سەرمان
کێشە خراوەتە بەرمان،
دڵ و هەناو تەزێنن
هەست و نەست وروورژێنن،
کە سەردەمی مناڵی
وا بە زەقی و بەتاڵی
دێتەوە بەرچاو، هەموو
هەناو ئەبێ بەسووتوو!



١١

هاوڕێکانم، براکانم
گوێ بگرن لە بۆچوون و
پوختەی بیروڕاکانم،
باشترین ڕێبازی ئێمە
بنبڕیی زامی دڵ و
زووخاو و دەرد و کێمە!
دەبا لە خۆبوردووبین
ڕاستکەرەوەی هەر هەموو
هەڵانی ڕابوردوو بین،
ئەبێ بوغزاوی نەبین،
توند و ئاگراوی نەبین!
با دێوانەی سەر شێت و
وێڵ و سەرەڕۆ نەبین
هەڵەشەی شێت و وێت و
ئەنجام بەفیڕۆ نەبین!
با ژیرانە بۆ چارەی
هەموو کێشەکان بچین

١٢

منیش بۆچوونم وایە،
سەردەم لە گۆڕانایە
چەوتی کلێپەی ناسۆر و
جەرگبڕیی لە دوایە،

با بەهێوری و بەڕوونی
بڕوانینە تەگەرە و
هەموو کێشەی دەروونی،
ئەوەی بە ئێمە کراوە
با بیخەینە ئەم لاوە
با پێچکەی گۆڕانکاری
نەگەڕێتەوە دواوە!

١٣

با بۆ وەچەی داهاتوو
ببین بە نموونەی باڵای
ئەزموون و پەندی مێژوو
ئەو دەردەی پێمان دراوە
با بیدەینە دواوە،
بیری لێ نەکەینەوە
پەڕەی نوێ هەڵدەینەوە


١٤

هاوڕێیانم، برایان
ئەی ژیر و شارەزایان
بەوە گرەو ئەبەینەوە
هەڵەکانمان نەهێڵین
بە دڵ ڕاستیان کەینەوە،
گەلێک دڵنیام هەرگیز



پەشیمان نابینەوە،
گۆی هونەر ئەبەینەوە
ژین ڕووناک ئەکەینەوە
تا سەر گرەو ئەبەینەوە

١٢-١٢-١٩٩٥



# گەشتی خۆرە تاو

١

گەشتی جیهانی جوانمان
هەرگیز کۆتایی نایە
وەکو گەشەی چاوانمان
خۆرەتاوی دنیایە

٢

ئەوی کە ئاشنایەتی
هەمیشە بەختەوەرە
ناخی گیانی لایەنی
گەشتی گەشی لەبەرە



٣

ئەم جیهانە ڕەنگینە
سەرچاوەی ڕوونی ژینە
بۆ ئارامی نەبڕاوە
بەچاوی دڵ بیبینە

٤

هەر کەسێ هۆگریەتی
بە دڵ دەست لەملانیەتی
بە شادی و بێ دەربەستی
مەستی گەشتی جوانیەتی

٥

جیهانی ڕەنگاڵەمان
بەهەشتی سەروەرییە
ئەم بەرهەمە ئاڵەمان
هێمای بەهرەوەرییە

کۆرس:

هیوادارین کە سەرجەم
لە جیهانی جوانابن
وەکو گوڵخونچەی سەردەم
هەردەم لەگەڵمانابن

٢٠-٩-١٩٩٨

# ناوەرۆک


چرپەیەک ..... 5
دڵسۆزترین کەس ..... 7
جگەرگۆشە مەزنەکان ..... 8
خۆری پەروەردە ..... 10
جیهانە جوانەکەمان ..... 12
خەندەی پێشوازی ..... 14
خەمڕەوێن ..... 16
باڵندە نەخشینەکان ..... 18
گەشتی پەریستان ..... 23
چاوگەشەکان ..... 25
ماڵە باجێنە ..... 27
مریشک ..... 30
پەپوولە ..... 33
هەنگ ..... 38
ئاشتی ..... 44
ئاهەنگی ڕەنگەکان ..... 50
جیهانی نەوا ..... 53
توتکەکەم ..... 59
گواستنەوە و گەشتوگوزار ..... 61
چاو شارکێ ..... 64
پاسکیل ..... 67
خواردنی کۆڵان ..... 70
ساڵی تازە ..... 73
پۆلەکانی ژین ..... 76
تۆپ ..... 78
باران ..... 81
دایە خان ..... 83
هەلوور بەلوور ..... 87
یەکەمین هەنگاو ..... 90





گەماڵەبۆر ..... 92
بەرەو ڕووناکی ..... 94
فریشتەی باڵا ..... 96
بەفر ..... 98
ساڵ بەساڵ ..... 100
فتبۆڵێن ..... 102
وشەی نوێ ..... 104
یەکەم وێنە ..... 106
با ..... 108
خاوێنی ..... 110
ئاژاوە ..... 112
لالەزاری پەروەردە ..... 115
وشەی پڕ شکۆ ..... 117
چریکە ..... 119
ڕێی قوتابخانە ..... 121
ڕەنگینترین نیگار ..... 123
خەرجی ..... 125
خونچەی ڕەنج ..... 128
قوتابخانە بەهەشتە ..... 130
ئاهەنگ و پێشبڕکێ ..... 132
شەنگەگوڵ ..... 134
وەرزش ..... 136
زەوی ..... 139
دایە و ڕووبەری ژین ..... 141
هاریکاری ..... 144
جوانترین دیمەن ..... 146
هیوا ..... 148
ئاگرە گەشە ..... 150
پەیمان ..... 152
بابە گیان ..... 154
ئالای پێشەوا ..... 156

دراوسێ ........ 159
زەنگی کۆشش ........ 164
سەیران نەورۆز ........ 166
ئاو ........ 168
نوێبوونەوە ........ 172
ژینگەی مەزن ........ 175
نیشتمان ........ 181
نەبەردین ........ 187
حەز ئەکەم ........ 189
کۆڕی گوڵان ........ 194
پەشیمان ........ 196
پەیامی نەورۆز ........ 198
هیوای گەش ........ 200
پشووی بەکەڵک ........ 202
چەپکی ژین ........ 205
ڕۆژی نوێ ........ 207
پێشەنگی شادی ........ 209
گەشتی وەرزەکان ........ 212
گەمەی جوان ........ 215
ڕەنج و دروێنە ........ 217
دیدەی خۆر ........ 219
بەرەی شادی، بەرەی ئازار ........ 221
هیوا و ساڵی نوێ ........ 225
سەبیلی بابە گەورە ........ 227
لە خۆبایی ........ 231
پاداشتی منداڵ زیرەک ........ 233
کارەساتی هەڵەبجە ........ 237
خەونە ڕەنگاڵەییەکان ........ 245
یادەوەریی دژوار ........ 265
گەشتی خۆرە تاو ........ 275